**ناوی کتێب ( مرۆڤایەتی و پێکهاتەکانی )**

**بابەت – مێژوویی و زانیاری گشتی**

**نوسەر – عومەر حاجی علی زەنگەنە**

**تایپ – ڕاستی جبار محمد رشید**

**دەرهێنانی هونەری – ڕاستی جبار محمد رشید**

**چاپ – چاپی یەکەم**

**تیراژ – ( 500 ) دانە**

**ژمارەی سپاردە – (236) لەبەڕێوەبەرایەتیگشتیکتێبخانە گشتیەکانەوەپێدراوەساڵی2021ز**

# پێشکەش

پێشکەشە بە ئەو بەڕێز و دڵسۆز و مامۆستایانەی ئەم زانیاریانەیان خستە نێو مێشك و هزرمەوە چ لەڕێگەی پەرتووك و نوسراوەکانیانەوە یان ڕاستەوخۆ لە شێوەی مامۆستایەك گێڕاویانەتەوە و خستویانەتە نێو بیر و هەستمەوە و فێریان کردوم ، پێشکەشە بە ئەو ڕۆڵە بە ئەمەك و دڵسۆزانەی گەلەکەم کە هەمیشە شەیدای فێر بوونی زانیاری زێدە ترن لە پێناوی بۆ پێشەوە چوونی گەلێکی پێشکەوتو تر و شیاو تر .

# بەناوی یەزدانی بەخشندە و میهرەبان

## پێشەکی

سوپاس و ستایشی زۆر بێپایان بۆ یەزدانی بەخشندە و میهرەبان ، درووود و سلاّوی زۆریش بۆ پەیامبەری خۆشەویست و سەرجەم هاوەلاّنی .

بە نیازی ئەوەی ئەو بەرهەم و بلاّوکراوانەی لە دوو تویّی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بلاّویانم کردووەتەوە بۆ ئەوەی لە نێو نەچن و بەرەو نەمان و بزر بوون مل نەنێن ، بڕیارمداوە کۆیان بکەمەوە و ناو ناو هەر جارێك ژمارەیەکیان کۆ بکەمەوە و لە شێوەی پەرتوکێکدا لە چاپیان بدەمەوە ، بێ گوێدانە ئەوەی پەرتوکەکە ناوەخنەکەی هەمو جۆرە دەبێت هەر بابەتێك سودێکی تاییەتی و زانیاریەکی تاییەت بە خۆی هەیە ،

بابەتەکانیش نزیکن لە یەکتر ئەگەر ( مێژووی – کۆمەڵایەتی – ڕامیاری – ویژەیی ) هەر بۆیە بە چاکم زانی ئەم زنجیرە بلاو کراوانە کە کۆیان دەکەمەوە لە ژێر ناونیشانی ( مرۆڤایەتی و پێکهاتەکانی ) بلاویان بکەمەوە ، ئەم هەوڵەم لە پێناو ئەوەدایە کە بەرهەمەکانم لە بلاو کراوەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا لە دوو توێی پەرتوکێکدا بە چاپ بگەیەنم تا خوێنەر زیاتر سودی لێوەر بگرێت،

ئەو خوێنەرەش نەی خوێندوەتەوە زیاتر سوود مەند دەبێت ، هەوڵدەدەم بلاو کراوەکانم لە دوو توێی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە مردن ڕزگار بکەم و بیانگەیەنمە نێو پەرتوکخانەی کوردی و کەلێنێکی پەرتوکخانەیان پێ پڕ بکەمەوە ، ئەو بابەتانەی لەم بەرگەدا هاتونە پێکدێن لەم بابەتانەی خوارەوە :

1- مرۆڤایەتی و پێکهاتەکانی پاش لافاوی گشتگیری (نوح = ناخ ) پێغەمبەر ( علیه السلام ) .

2- مەرجەکانی دروستبوونی گەل .

3- هۆزی – ئاهورامزدایار – هورمزدایار .

4- هۆزی کەلوڕ – کەڵهوڕ + هۆزی داوودە . داوییە .

5- چە پێك لە مێژووی ژیانی میر سمایلی زەنگەنە و میر نشینەکەی .

6- جۆری دروستبوونی پارتە سیاسیەکان .

7- جەژنی نەورۆز لە مێژووی کورد و ئاینی زەردەشتدا .

8- خۆر نەوەزان ، پایتەختی هاوینەی زەنگنان لە گەرمیان .

9- شاری – خورماتوو – یان – دوز خورماتوو – کامیان ڕاستە ؟

10- جوکل هەمەوەند کێیە ؟

11- دێی ئۆمەرە گەدە . هۆنراوە .

عومەر حاجی عەلی زەنگەنە

کەرکوک – شۆرجە – ئاگرین

2020 / 11 / 15

## بسم الله الرحمن الرحيم

## (( بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان ))

## { مرۆڤایەتی و پێكهاتەكانی پاش لافاوی گشتگیری ( نوح = ناخ ) پێغەمبەر ( علیه السلام ) }

**كاتێك لافاوی گشتگیری ( نوح = ناخ ) پێغەمبەر ( علیه السلام ) بە فەرمانی خودای گەورە دەستی پێكرد هەروەك دەفەرموێت** (حَتَّىٰ إِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ ) **هود** – 40 .

**لە پێش ئەو فەرمانەی خودا لە سەر گۆی ئەم زەویەدا كۆمەڵانێك خەڵك لە نەوەكانی ( ئادەم ) ( علیه السلام ) دەژیان كە لە چەند كۆمەڵانێكی مرۆڤایەتی دروست ببوون هەر یەكێك لەو كۆمەڵانە بێگومان بە ناوێكی تایبەتی خۆیانەوە دەناسران**

ژمارەیەك گەل و کەمایەتی و هۆزیان بۆ خۆیان دروستکردبوو ئەمەیش وا دیارە لە پێش نوسینی مێژووەوە بووە و ژمارەیەکی کەمیان لە قورئانی پیرۆزدا بۆمان باسکراوە و ناوەکانیان هاتووە تا ئێستایشی پێوە مێژوو نەیتوانیوە بۆمانی ڕون بکاتەوە و دابینی بکات کە لە چی کاتێکدا ژیاون لە شێوەی اصحاب الاخدود ( قُتِلَ أَصْحَابُ الأُخْدُودِ ) البروج – 4 .

بە هەڵسانی تۆفانەکە هەر هەمویان ژێر ئاو کەوتن و کۆتاییان پێهات جگە لە نەوەکانی ( نوح = ناخ ) پێغەمبەر ( علیە السلام ) بە تاییەتی ئەو نەوانەی کە باوەڕیان هێنابوو وە چونە نێو کەشتیەکە و بە گوێرەی نوسراوەکانی زۆربەی زۆری مێژوو نوسان ( 40 ژن و 40 پیاو ) بوونە تەنیا ئەمانە بە زیندوی مانەوە لەگەڵ ئەو گیان لەبەرانەدا کە لە نێو کەشتیەکەدا کۆ کرابوونەوە .

**( نوح = ناخ ) پێغەمبەر ( علیه السلام ) بۆ ئەوەی نیشتیمانێکی بۆ خۆی و نەوەکانی و هاوەڵەکانی دیاری بکات بۆیە نزای لای خودای گەورە کرد داوای نیشتیمانێکی پاك و پیرۆزی کرد تا نەوەکانی ئەو نیشتیمانە پیرۆزە بکەن بە نیشتیمانی دووەمی خۆیان و کەشتیەکەیان لەنگەری تیادا بگرێت .**

**خودای گەورە سروش ( وحی ) بۆ دابەزاند و نزاکەی پەسەند کرد و فەرمووی** ( وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِي مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ الْمُنزِلِينَ ) صدق الله العظيم ، المؤمنون ( 29 ) .

**لەسەر نزاکەی ( نوح = ناخ ) پێغەمبەر ( علیه السلام ) لەسەر چیای ( جودی = گودی ) کەشتیەکەیان لەنگەری گرت هەروەك یەزدانی گەورە دەفەرموێت** ( وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ ) **هود – 44** .

بە گوێرەی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەردەکەوێت کە لەو کات و سەردەمەیشدا جێگەیەکی پیرۆز تر نەبووە هەر بۆیە لە چیای جودی دابەزین هەر ئەو جێگە پیرۆزەیانیش کرد بە لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی هەر بە فەرمانی پەیامبەرەکەیان لەسەر سنگی ئەو چیا پیرۆزەدا ( 40 ) خانویان دروستکرد و ناوی شارۆچکەکەیان نا ( هەشتانین ) بە واتای هەشتا مرۆڤ تائێستاشی پێوە ئەو شارۆچکەیە ماوە و خەڵکی تیایدا دەژین بەڵام شۆڤێنیەکان گۆڕیان بە ئاوایی ( النزول ) بەواتای جێگەی دابەزینی کەشتیەکەی ( نوح = ناخ ) پێغەمبەر ( علیە السلام ) ئێمەی کورد کە خاوەنی سەرەکی خاکی کوردستانین ئەگەر هەر لایەك لە برا شۆڤێنیەکانمان دەستیان ڕۆیشتبێت بەسەرماندا بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکارمانیان هێناوە ئەگەر فارس بوونە هەوڵی بە فارسی کردنیان داوە (

تفریس ) ئەگەر تورك بوونە بە ( تتریك ) و ئەگەر برا چاو ڕەشە عەرەبەکانیش بوبێت بە ( تعریب ) هەوڵی لە ناو بردنمانیان داوە .

هەر لەو جێگەیەدا نەوەکانی ( نوح = ناخ ) پێغەمبەر ( علیه السلام ) زۆرەوە بوون و بلاۆوەیان کرد بە دەور و بەی خۆیاندا ئەو خەڵکە لە نێو خۆیاندا بە هۆزی ( جودی = گوودی ) ناو بانگیان دەرکرد یەکەم شار لە کوردستاندا دروستیان کرد شاری ( شار ناخ ) بوو بەواتای شاری ( نوح = ناخ ) پێغەمبەر ( علیه السلام ) و ئێستا تورکەکان گۆڕیویانە بە ( شیر ناخ ) وە یەکەم پایتەختی دەوڵەتیان شاری ( هەمەزان ) ئەکباتان ( هەمەدان ) بوو .

کە بەناوی ( هەمەزان ) ی کوڕەزای ( نوح = ناخ ) پێغەمبەر ( علیه السلام ) ەوە ناو نراوە .

گومانی تیادا نیە کە هۆزی ( جودی = گوودی ) یەکەم هۆز بووە لەسەر چیای جودی بەم ناوەوە ناسراون لە دوای بلاّوە کردنی ئەو خەڵکە بە هەموو لایەکدا هۆزی دیکەیانیش لێ دروستبون و پاشان بوون بە گەل و سەر گۆی زەویان ئاوەدانەوە کرد هەروەك ئێستا دەبینین .

هەر بەم ناوەوە تا سەردەمی ( میدی ) یەکان هۆزی گوودی بونیان هەبووە بۆ ماوەی ( 100 ) ساڵ زیاتر سەرپەرشتیاری زەویەکانی ( میسۆپۆتامیا ) بوونە بە تاییەتی ناوچەی ( بابل ) کە دەکاتە ( حلە ) ی ئێستا ئەمانەی لای خوارەوە ناوی هەندێك لە پاشاکانیانە کە لەو ناوچانی سەرەوە دەست بەکار بوونە

1- ئیمنا ( 2 ساڵ )
2- نیگیشۆ ( 6 ساڵ )

3- **ئیکیلاکات** ( 6 **ساڵ** )

4- **ئیلالاگات** ( 3 **ساڵ** )

5- **کورسوم** ( 1 **ساڵ** )

**ژمارەیان** ( 20 ) **پاشا بووە و بۆ ماوەی** ( 91 **ساڵ** ) **و** ( 40 **رۆژ** ) **پاشایەتیان کردووە لە ناوچەی** ( **بابل** ) **دا** .

**هەر بەم بۆنەیەوە خودای گەورە بە پێغەمبەری خۆشەویستمان دەفەرموێت** (وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ) **لحجرات** – 13 .

## (( پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی گشتی ))

**1- الشعوب = گەلان 2 – کەمایەتیەکان ( الاقلیات ) - و مەرجەکانی**

**دروستبوونی گەل ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە :**

**أ- زمانی تایبەتی بەو گەلە .**

**ب- بوونی خاك و نیشتیمانێکی دیاری کراو .**

**ت- کەلتوری تایبەت .**

**پ- مێژووی خەباتی تایبەت و تێکەڵاوی لەگەڵ دراوسێکانی .**

**4- قبیلە = هۆز – لەلای کورد هەر بە هۆز لە پێنوس دەدرێت لای عەرەب جۆرێکی دیکەیە ، لە پەرتوکی ( مختار الصحاح ) دەڵێت (** القبیلة واحدة من قبائل العرب و هم من اب واحد **) یان لەلای بنو ئیسرائیلیەکان لە جیاتی قبیلە دەڵێن (**

الاسباط ) هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ئەگەر بەم شێوەیە بێت پێویستە قبیلە لە هۆزیش بچوكتر بێت بەلای ئێمەوە بۆ نمونە دەتوانین بە نەوەكانی میر سمایل بڵێن ( هۆزی میر سمایل ) هەروەها بە نەوەكانی ( یوسف بەگ باوكی مەلا محمودی زەنگەنە بڵێین هۆزی تاڵەبانی زەنگەنە ) لەبەر ئەوەی هۆزی زەنگەنە لە ساڵی 1500 پێش زاین دروست بووە لە باوكێك بە ناوی ( بود ) كە سەر بە ( میدی دووەمە ) دوو كوڕی هەبووە بە ناوی ( براخم و زەنگنان ) براخم كە ئێستا بە ( ابراهیم – براخۆم – برایم ) دەناسرێت . بڕوانە پەرتوكی كود گەل نامەك نوسینی هیوا زەندی .

هۆزی گەورەی خاوەن دەسەڵاتی ( براخۆییە ) كانی دروستكردووە كە خاوەنی ژمارەیەك میرنشین و دەسەڵاتی گەورە بوونە لە كوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوردا هەر بە ناوی ( براخۆی ) یەكانەوە . تا

سەردەمی خەلافەتی ئیمامی عومەر و خەلافەتی معاویە لە دەسەڵاتدا بوونە لە سەردەمی ئیمامی عومەردا سوپایەکیان بەشداری فتوحاتی ئیسلامی دەکرد لەگەڵ سوپای هاوەڵاندا .

هۆزی زەنگەنە لە نەوەکانی ( زەنگنان ) ی کوڕی ( بود ) ن لە ساڵی 700 پ.ز لە لایەن ( کەی قوبادی ) میدیەوە نێردران بۆ ناوچەی زابلستان کە ئەو کاتە سەر بە ئێرانی گەورە و دەوڵەتی ( ماد ) بوون لەبەر ئەوەی زەنگەنەکان جێگەی باوەڕی تەواوی پاشا بوون ناردیانی بۆ پارێزگاری کردنی سنورەکان ، ئەوانیش بە مەرجێك ڕۆیشتن لە زابلستان میرنشنێك بە ناوی خۆیانەوە دروست بکەن هەروەك دروستیان کرد و میر ( سوید ) بوو بە میری وڵاتی زابلستان و لە دوایدا کرا بە ( زەنگنستان ) لە ساڵی ( 323 پ . ز ) کە ئەسکەندەری مەقدۆنی ئێرانی گەورەی داگیر کرد ، میر نشینی زەنگەنە بوو

بە یارمەتی دەر ئەسکەندەر و جەنگی لەگەڵدا نەکرد بۆیە دەسەڵاتەکەیان هەر وەك خۆی مایەوە تا ئێستاشی پێوە لە مێژووی کۆنی ( یۆنان ) دا لە بەریی زابلستان نوسراوە ( زەنگنستان ) یان ( زەنگنان ) .

ئێمەی زەنگەنە دەتوانین بڵێین لە ساڵی 1400 پ.ز شان بە شانی خۆریەکان و برا خۆییەکان هەر لە دەسەڵاتدا بووینە ئەو کات و سەردەمە ئێمە وەك دەڵێن ( قبیلە ) بووینە وەك عەرەبەکان دەڵێن ( القبیلە یکون من اب واحد ) پێکهاتەکان بەم جۆرەیە

1- الشعوب - گەلان 2- الاقلیات – کەمایەتیەکان 3 – القبیلە 4 – العشیرە – هۆز

5 – الفصیلە – تیرە 6- العمارە – خێڵ

7- البطن – بەرە باب 8- الفخذ – پەل

**9 – العائله – بنەماڵە 10- الاسره –**

**خێزان 11 - الفرد – تاك - سەر**

**عومەر حاجی عەلی زەنگەنە**

**کەرکوك – شۆرجە**

2016 / 8 / 10

## (( مەرجەکانی دروستبوونی گەل ))

لە هەندێك کۆڕ و کۆبوونەوە و بڵاو کراوەکاندا گوێمان لە بابەتی مەرجەکانی بنەما و کۆڵەکە و دروستبوونی گەل دەبێت ، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەمویان جگە لە دوو نوسەری بەڕێز .

تا ئێستا گوێم لە بابەتێکی زۆر پوخت و دروست نەبووە کە مافی تەواوی پڕ بە پێستی ئەم بابەتەی دابێت ، بە پێی بۆچوونی تایبەتی خۆم و ئەو سەرچاوانەی بەسەریاندا چومەتەوە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت کراوەیەکی زۆر کورتی بچوکی ئەو مەبەستەیە و دوریش نیە هەڵەیشم تیادا کردبێت .

سەرجەم ئەو گەلانەی کە لەسەر گۆی ئەم زەویەدا دروستبوونە وە یان لە ئێستا بە دواوە دروست دەبن ، پێویستیان بە بوونی چوار کۆڵەکە یان چوار بنەما و

بنەڕەتی سەرەکی هەیە ، هەر گەلێك ئەگەر ئەو چوار مەرجەی تیادا ئامادە بوو دەتوانرێت ئەو نەتەوە و کۆمەڵگەیە بە ( گەل ) ناویان بهێنین ، هەر نەتەوەیەك کە بە گەل ناو ببرێت لە شێوەی گەلی ( کورد – عەرەب – فارس – تورك - ....هتد ) پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیادا هەبێت :

1- زمان : هەر نەتەوەیەك بە ( گەل ) بێتە هەژماردە مەرجی سەرەکی ئەمەیە ،

أ- زمانێکی بەر فراوان و پاك و بژارەکراوی لە تێکەڵ بوون لە زمانەکانی بێگانەی هەبێت زمانەکانی بێگانە زمانەکەیان داگیر نە کردبێت زۆرینە نەبێت لە نێو زمانەکەیاندا ، لە شێوەی زمانەکانی بەشێك لە زمانەکانی گەلانی ( ئەسکەندناڤیا ) بە ناو بە گەلی ( ئەسکەندناڤیا ) دەناسرێن بە زمانی ( ئینگلیزی ) دەدوێن .

ب- دان بە بوونی دروستبوونی مێژینەی ئەو زمانەدا بنرێت لە لایەن گەلانی دراوسێ و جیهانەوە ، بۆ نمونە زمانەکەیان لە پەرتوکە کۆنەکانەوە گۆڕابێت بۆ سەر زمانی خۆیان بە بایەخەوە .

ت- بوونی مێژوویەکی پوخت و دێرین و ڕوونی دروستبوونی ئەو زمانە و بە بەڵگە و نوسین لە شێوەی پەرتوکە دێرینەکانی گەلی کورد لە شێوەی پەرتوکی پیرۆزی ( ئاڤێستا ) کە بە شێوە زاری ( ماچۆ ) نوسراوەتەوە بە شەش یان حەوت سەدە ( پ . ز ) .

2- بوونی نەتەوەیەکی تایبەت بە ناوێکی لە مێژینە و دێرینەوە لە شێوەی گەلی کورد بە ناوێکی تایبەت مەندی خۆیەوە لە لایەن گەلانی دراوسێ بیانیەکانەوە بناسرێت ،

خاوەنی خەباتێکی دوور و درێژ و هاو بەش بێت لەگەڵ گەلانی دەور و بەرەکەیدا .

3- بوونی خاك و نیشتیمان : خاك و نیشتیمانێکی تایبەتمەند و خاوەنی سنورێکی دیاری کراو و بەتایبەتی بوونی کەش و هەواو دروستبوونی دروستکراوە سروشتیەکان و ڕەنگ و بۆی لەیەك چوونی خاك و دانیشتوەکانی .

4- بوونی مێژوو :

أ- بوونی مێژوویەکی تایبەت بە ئەو گەلە کە خەباتی تێکۆشانی و بەرگری ئەو گەلە دەربخات لە پارێزگاری کردن لە خاك و نیشتیمانەکەیان ، پێویستە ئەو مێژووە ( ئاوێنەی بالاّ نمای ) ئەو گەلە بێت بە شێوەیەك ڕابردو و ئێستای بە ڕوونی نیشان بدات .

ب- بوونی داب و نەریت و کەلەپور و جل و بەرگی تایبەت بە خۆیان کە لە گەلانی دراوسێ و جیهان جیایات بکاتەوە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە مێژووی ئەو گەلە

.

ت- تێکەلاو بوونی خەبات و تێکۆشانی ئەو گەلە لەگەڵ مێژووی دێرینی گەلانی دراوسێ و جیهاندا ئەمەشخۆی لە خۆیدا سەلماندنێکە بۆ دێرینی و مێژینەی ئەو گەلە ، ئەگەر هەر گەلێك یەکێك لەم کۆڵەکانەی سەرەوەی باسمان کرد تیادا نەبێت ، یەکێك لە مەرجەکانی نەتەوایەتی و بە گەل بوونی کەمە و بەگەل لە پێنوس نادرێت .

هەر بۆ ئەم مەبەستە دەمەوێت لێرەدا ڕونی بکەمەوە کە زمانی کوردی ڕەسە نمان لە چوار شێوە زاری سەرەکی پێکهاتوە کە ئەمانەیە .

1- شێوەزاری ( سۆرانی )

2- شێوەزاری ( کرما نجی – بادینی )

3- شێوەزاری ( ماچۆ – گۆرانی )

4- شێوەزاری ( لوڕی )

هەر یەك لەم شێوە زارانە چەند چڵێکی دیکەی هەیە .

لەبەر دێرینی شێوەزاری ماچۆیی گە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە شەش سەدە پێش زاین بە دایکی ڕەسەنی زمانی کوردی لە پێنوس دەدەم گەواهیمانیش پەرتوکی پیرۆزی ئاڤێستا ( گواتە = فەرمووده ) کانی زەردەشت پەیامبەره هەروەها ئەو ( 40 ) پەرتوکەیە کە لە پەرتوکی ( ئاڤێستا و یەکتا پەرستیدا ) ئاماژەم پێیان کردووە کە مێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش زاین .

ئەم پارچە هۆنراوەیەم هەر بۆ ئەم مەبەستە داناوە :

زمانی زگماكی پیرۆزی خۆمان

پێكهاتە لە چوار كۆڵەكەی جوان

ماچۆی و لوڕی و سۆران بادینان

بەم چوار كۆڵەكە زمان دامەزران

شێوەی ماچۆیی شێوەیە جوانە

بنەما و دایك گشت شێوەكانە

بەشێوەی ( ماچۆ ) ئاوێستای پیرۆز

هاتە خوارەوە بۆ سەر گەل و هۆز

ــ مامۆستا قانع دەفەرموێت :

**کتێبی زەردەشت کە ئاڤێستایە**

**وەك باقی کتێب خەلأتی خوایە**

**بە زمانی ماچۆیی هاتە سەر بەشەر**

**یانی ها ( زەردەشت ) بوی بە پەیامبەر**

**( قانع )**

---

**سەرچاوەکان :**

1- تاریخ الشعب الکردی و تکوینه .
2- ڕەگەز خێزان – عبدالکریم غولأمی .
3- مامۆستا قانع – دیوانی هەورامان .
4- ئاڤێستا و یەکتا پەرستی .

(( بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان ))

( هۆزی – ئاهورامزدایار = هورمزدایار =
هورمزیاری دێرینی ڕەسەنی کورد )

هۆزی ( هورمزیار ) ی دێرینی ڕەسەنی کورد تا ئێستا بونیان هەیە لە کوردستانی گەورە و لە ژمارەیەك لە ولاَتانی دراوسێدا دەژین ، ئەم هۆزە بە شانازیەوە توانیویانە ئەم ناوە پیرۆزەی خۆیان پاش تێپەڕاندنی هەزاران سالَ وەك پێویست پارێزگاری لێبکەن و لە مردن و لە ناو چون بپارێزن .

بێگومان ئەمەش بەلَگە و گەواهی ئەم هۆزەیە لە ڕەسەنایەتی و دێرینی ئەم هۆزە و مایەی شانازیە کە توانیویانە پێش هەزاران سالَ و تا ئێستا پارێزگاری لە ئەم ناوە پیرۆزەی خۆیان بکەن ، سەرەڕای ئەوەی ئەم هۆزە دێرینە بەهۆی باوەڕ و

ئاینەکەیانەوە توشی گەلێك ئەشکە نجە و ئازار و ستەم بوونە و بە چاوی سوکایەتیەوە لەلایەن نەیارەکانیانەوە سەیر کراون ، وشەی ( ئاهورامزدا ) لە ئاینی پیرۆزی زەردەشتیدا بەواتای لایەنی یەزدانی و یەکتا پەرستی و فەڕ و چاکەیە ، لایەنەکەی دیکەی کە دژ بە ئەمەیە ئەویش وشەی ( ئەهریمەن ) یە کە لایەنی شەڕ و خرا پەکاری شەیتان و دێوەکانە .

هۆزی دێرینی ( هورمزدیار ) ی دێرینی کورد لە سەردەمی دروستبونیاندا چەند بنەماڵەیەك یان چەند توێژێك بوونە لە هۆزی ( میدی ) یەکاندا لە ساڵەکانی 600 – 700 پ.ز ژیاون وەك سەرچاوە ئاینی و مێژووییەکان ئاماژەیان پێکردووە ، ئەم هۆزە لەگەڵ وەدەرکەوتن و ئاشکرا بوونی ئاینی پیرۆزی ( زەردەشت ) یدا باوەڕیان بەم ئاینەی کورد هێناوە و بە دڵ و بەگیان و هزر

خۆيان خزاندوەتە ناو ئاينەكەوە تا واى لێهات زۆربەى كاتەكانى شەو و ڕۆژيان هەر بە پەرستنى يەكتا پەرستى دەبردە سەر ، سەر ئە نجام بوون بە پێشڕەوێك بۆ ئاينى زەردەشت بۆ گەياندنى ئەم ئاينە بە كۆمەلأنى خەڵك بەبێ جياوازى كردن لە نێوان نەتەوە و توێژەكانى دانيشتوانى سەر گۆى ئەم زەويە هەر لە شێوەى ئاينى ئێستاى ئيسلامى پيرۆز ، ئەم هۆزە ڕێڕەوێكيان بۆ خۆيان هەڵبژارد لەسەر ڕووناكى ئاينى زەردەشتى لە شێوەى سۆفى گەرى ( سۆفى نيزم ) كە ئێستا لە ئاينى پيرۆزى ئيسلامدا پەيڕەو دەكرێت ، لە دوايدا هۆزى ( ماگ = ماگى ) لە نێو ( ميدى ) يەكاندا شان بە شانى ئەمان وەدەر كەوتن و سەر ئە نجام ئەمانيش بوون بە پێشڕەوى ئاينى زەردەشت و ڕێگە نيشاندەرى ، ئەمەش هەر لە شێوەى ( مەلا = مەلايەتى )

ئێستاى ئاينى پيرۆزى ئيسلام هيچ بە دور نازانرێت

**چۆن ئەو جێگەیەی زەردەشتیەکان یەزدان پەرستیان تێدا دەکرد بە ( مزدگە ) دەناسرا و ئێستایش ئێمەی کورد و موسڵمان بە ( مزگەوت ) ناوی دەبەین هەر وەها ئەو کاتەیش لە جیاتی ( مەلا = مەلایەتی ) گوتراوە ( ماگ = ماگێتی ) بە بۆچونی زۆربەی زانایان و نوسەران هەر لە یەکتری وەرگیراون و تا ئەمڕۆیشی پێوە بەزەقی ئەم وشانە ڕەسەنایەتی وشەی کوردەواری تێدا بەدی دەکرێت ، لە ساڵەکانی 18 – 19 کۆچی سوپای ئیسلام بە سەرکردایەتی ( نعیمی مقرن ) گەیشتە شاری ( یەزد ) لە ئێران .**

**ئەم شارە لە سەردەمی ( مید ) یەکاندا دروستکراوە و وشەی یەزد لە یەزدانەوە هاتوە بە واتای شاری خودا لەو کات و سەردەمەدا لەم شارەدا ئاینی زەردەشتی زۆر باو بووە ، زەردەشتیەکان زۆر ترسان سوپای ئیسلام بیانکوژێت هەر بۆیە زۆربەیان**

هەڵهاتن و پەنایان برد بۆ چیای ( نارکی ) کە لەنێو ئەم چیایەدا پەرستگایەکی گەورەی زەردەشتی دروستکراوە و ژمارەی ( 100 – 150 ) خانوی دێرینی گڵینی تیادا دروستکراوە ئەم پەرستگایە ( 50 کم ) لە شاری یەزدەوە دوورە مێژووی دروستبوونی ئەم پەرستگایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتای سەرهەڵدانی ئاینی زەردەشتی تا ئێستایش ئەو خانو و پەرستگایە هەر وەك خۆی ماوە زەردەشتیە ئیبراهیمیەکان تائێستا یەزدان پەرستی تیادا دەکەن ، لە کاتی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ شاری ( یەزد ) لە ئەم پەرستگایەدا ژمارەیەکی زۆر لە هۆزی ( هورمزدیار ) و هۆزی ( ماگ ) ەکان کە ئەم دوو هۆزە پێشڕەوی ئاینەکەیان دەکرد پەرستگاری یەزدانی یەکتایان تیادا دەکرد ، کاتێك بینیان ئەم خەڵکە بە

پەشۆکاوی ڕویان لێیان کرد ترسان و هەڵوێستیان وەرگرت .

کاتێك ڕاستیان بۆ ڕون بویەوە کە سوپای ئیسلام هاتوە و گەیشتوەتە شاری ( یەزدی ) بۆ گەیاندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە کۆمەلآنی خەڵك بە پێچەوانەی خەڵکەکەوە ئەمان زۆر خۆشحالْ بوون بە هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ولآتەکەیان ، بە خەڵکەکەیان گوت ئایا ئێوە فەرمودەکانی زەردەشتتان بە بیردا نایەت کە دەفەرمویٚت ( پەیڕەی ئاڤێستا و گواتە ( حديث ) کانی من بکەن هەتا خاوەن وشترە سورەکە لە دەڤەری عەرەبیەوە دێت بۆ لاتان بۆ گەیاندنی ئاینی ئیسلام ، یان دەفەرمویٚت ( موڵك و سامانی ساسانیان بەدەستی هاوەلآنی محمد بە تالآن دەچێت ) .

ئەو وتەيەى زەردەشت بەدى هات و سوپاى ئیسلام هات و ماڵى ساسانيانيش بە تالآن چوو .

ژمارەيەك لە زانا و سەركردەكانى هۆزى ( هورمزيار و ماگە ) كان ئاڤێستا و گواتەكانى زەردەشت لەگەڵ خۆياندا هەڵدەگرن و دەچن بۆ لاى ( نعيمى كوڕى مقرن ) لە تەكيدا دەكەونە گفتوگۆ كردن و لە كۆتايدا پەرتوكە ئاينيەكانيان بەر چاو دەخەن و دەڵێن ، ئێمە خاوەنى پەرتوكى يەزدانى و ئاسمانين پەيامبەرمان زەردەشتە ئەو لە مێژدا هەواڵى پێمان داوە كە سوپاى ئیسلام دێت بۆ ولآتەكەمان بۆ گەياندنى ئاينە پيرۆزەكەتان ئێمە هەميشە لە چاوەڕوانيدا بووينە بەلآم لەبەر ئەوەى ئێمە خاوەنى ئاينى يەكتا پەرستين و پەرتوكمان هەيە بە ( جزيە = سەرانە ) قايل دەبين سالآنە بيدەين بە سوپاى ئیسلام بۆ پارێزگارى كردن لە ئاين و ژيان و ولآتمان ، نعيمى كوڕى مقرن

**سەرکردەی سوپای ئیسلام ئاماژە بۆ فەرمانی پێشەوا ( عومەری کوڕی خەتاب ) دەکات کە فەرمو بووی ( سنو بهم سنه اهل الکتاب ) بەواتای لە شێوەی خاوەن پەرتوکەکان ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەن .**

**هەر بەم شێوەیە ڕێکدەکەون سەرانە بە سوپای ئیسلام دەدەن و لەسەر ئاینی خۆیان دەمێننەوە هەر بۆیە تا ئێستاش هەر ئەو پەرستگەیە وەك خۆی ماوە و سوپای ئیسلام پارێزگاری لێکرد و نەی هێشت بڕوخێت و گیان و ماڵ و سامانی زەردەشتیان لە لایەن هاوەڵانەوە پارێزرا .**

**لە سەردەمی ساسانیاندا ( پەیکەر** = تمثال **) ێکی حەزرەتی زەردەشت دروستکراوە لە نێو پەرستگای ( نارکی ) دانراوە تا ئێستا هەر وەك خۆی ماوە و ئەمەی خوارەوەیش وێنەیەکی ئەو پەیکەرەیە .**

هۆزی ( هورمزدیار ) ئەم هۆزە دێرینەی کورد لەو ڕۆژەوە بە هۆزی ( ئاهورامزدایار ) یان ( هورمزدایار ) ناسراون و لە دوایدا بوونە بە ( هورمزدیار ) بە واتای یار و ئەویندار و شەیدای ڕێگەی هەق و هەقیقەت و یەزدانی یەکتا پەرستی

.

بۆیە بەو ناوەوە ناوبانگیان دەرکردوە و تا ئێستایشی پێوە هەر بەو ئەو ناوەوە دەناسرێن ، هەر چەندە ئێستا ئەم هۆزە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا پەیرەوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن جگە لە بەشێکی زۆر کەم کە لە ئێران و ئەفغانستان دادەنیشن هەر لەسەر ئاینە دێرینەکەی خۆیان ماون و بە ( ئیبراهیم ) ی دەناسرێن و یەکتا پەرستن ، گومانی تێدا نیە ئەم هۆزە ئازا و قارەمان و دڵسۆزەی کورد لە تەمەنی دێرین و دوور و درێژی خۆیاندا گەلێك ئەشکە نجە

و ئازاریان چەشتوە و بەگەلێك سەردەمی نا
هەمواردا گوزەریان کردووە بەلاّم جێگەی شانازیە
تا ئێستایش ئەو ناوە ڕەسەن و دێرینە پیرۆزەی
خۆیان هەر نە دۆڕاندوە و نە گۆڕاوە .

لێرەوە ڕووی پێنوسە کۆڵە بێتواناکەم دەکەمە ئەو
بەڕێزانەی توێژینەوە لە بواری مێژووی
گەلەکەماندا دەکەن بگەڕێن بەدوای ئەم ئاسەوارە
دێرینانەی گەلەکەماندا و بە زانیاریەکانیان
زیندویان بکەنەوە و لە مردن و بیر چونەوە
ڕزگاریان بکەن بێگومان لە نێو گەلەکەماندا
گەلێك هۆزی دێرینی وەك ئەم هۆزە هەن و هەر بە
ناوە دێرینەکەی خۆیانەوە دەناسرێن بۆ نمونە
هۆزی ( زراری ) کە ئەمان دامەزرێنەری دەوڵەتی
ساسانیان بوونە و وەك هۆزی ( گەلاڵی = جەلالی )
کە خاوەنی گەلێك قەلاّ و دەسەلاّتی بەهێز بوونە
، وەك هۆزی ( باسیان = بازیانی ) کە ئەمانیش

پاشماوەی لۆلۆی و جودیەکانن ، دەیان هۆزی دیکەمان لەم شێوەیە هەیە لە نێو ولاَتەکەماندا .

ئیتر پشت بە یەزدانی بێهاوتا و هێز و بیر و هزری ڕۆشنبیرانی گەلەکەم .

سەرچاوەکان :

1- مێژووی میدیا – بورهان قانع
2- مێژووی ئاڤێستا – وریا قانع
3- ژوانی یەسنا – جەلیل عەباس
4- کورد لە زەردەشتیەوە – سامان عومەر
5- فەرهەنگی مەهاباد – گیو موکریانی
6- کورد – تورك – عەرەب – ئەدمۆندز
7- کورد لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامدا – حەسەن حەمە کەریم

عومەر حاجی عەلی زەنگەنە

خورماتوو – ڕزگاری



پەیکەری ( زەردەشت )

لە پەرستگەی زەردەشتیەکان لە چیای ( نارکی ) لە

پارێزگەی ( یەزد ) لە ڕۆژئاوای کوردستان

650 پ-ز دروست کراوە



## (( هۆزی کەلوڕ – کەڵهوڕ + هۆزی داوودە – داوییە ))

**لەو کاتەوە یەزدانی مەزن ئادەم و ئادەمیزادی دروستکرد و لەسەر گۆی زەوی دانیان و چۆنیەتی ژیانی ڕۆژانەی فێرکردن فێری ئەوەی کردن کە بە یەکەوە بژین و بەیەکەوە ژیان پێویستە .**

**لەبەر ئەوە بوو یەزدان دایکە حەوای بە فەرمانێك بۆ ئادەم دروستکرد هەتا بتوانێ ژیان بە هەماهەنگی و بە یەکەوە بەرنە سەر ، بە یەکەوە خێزان و کۆمەڵ دروست بکەن ، هەر لەبەر بەرێوە چوونی ئەم هەڵسو کەوتەیە یەزدانی گەورە لە قورئانی پیرۆزدا پێمان ڕادەگەیەنێت و دەفەرموێت** (( يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا )) **الحجرات – 13** .

ئەوەی شایەنی باسە لێرەدا ، هەمیشە پیاو بەستراوە بە ژن و کوڕەکانیەوە ، هەتاکو گەورە دەبن و ژن دەهێنن و خێزانێکی دیکە دروست دەکەن ، لەو کاتە بە دواوە کەمە کەمە پەیوەندی کەمتر دەبێتەوە و هات و چۆ کز تر دەبێت لە چاوی ئەو کاتەی کە لە یەك خێزانێکدا دەژیان ، خێزانی باوك پەیوەندی کەمتر دەبێت و گوریس بە یەکەوە بەستن بەردەدات و دەیخاتە سەر هەردوو شانی کوڕەکەی و دەستی لێ بەردەدات ، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە باوك بە یەکجاری پەیوەندی لەگەڵ کوڕەکەیدا ببڕێت ، لە هەموو ڕویەکەوە ، بە پێچەوانەوە لێرەدا یەکگرتن و هەماهەنگی و شان بە شانی یەکتری بۆ هەموو خێزان و بۆ ئاوای و تیرە و بۆ هەموو هۆزێك ، پێویستیەکی سەر شانی هەموو ئەندامێکی ئادەمیزادە پێویستی گشتی ئەندامانی هۆز و کۆمەڵە ، گوێ ڕایەڵی بڕیار و

فەرمانەکانی سەرکردە و دەم سپی خێزان و ئاوای و تیرە و هۆزەکەیشی ببێت ، بە گوێرەی ئەو کاتەی کە لەنێو خێزانی یەکەمی دروست بونیدا دەژیا و گوێی ڕایەڵی فەرمانەکانی سەرکردەی خێزانەکەی بوو ، بەو جۆرەیش دەبێت ڕەوشت بکات و گوێی ڕایەڵی فەرمان و کارەکانی تیرە و هۆزەکەی ببێت ، هەموو تیرە و هۆزێك پێکهاتووە لە چەند خێزانێك کە لە ناوچەیەکدا یەکیان گرتووە ، کەسایەتی و یەکێتی نێوانی ئەو خێزانانە و جێگای دانیشتن و زەوی و زار و ئاوی ناوچەکە بە یەکیانەوە بەستوە ، مەرج نیە لێرەدا ئەو کۆمەڵە خەڵکانە – تیرە و هۆزانە هەموویان لە یەك باوك و لە یەك دایك – یان چاکتر بڵێین هەموویان لە دێر زەمانەوە ، باپیرەی هەموویان یەك پیاوێك بوبێت و ئەم هۆزە بەناو ئەو پیاوەوە ناو نرابێت و بناسرێت ئەمە لە وڵاتەکەی خۆماندا بەم جۆرەیە ، ئەگەر

بگەڕێینەوە بۆ یاسای دروستبونی هۆزایەتی کە لە زۆر جێگاکانی جیهاندا پەیڕەو کراوە و بە تایبەتی لە عەرەبەکانی دەور و بەری خۆمان ، ئەگەر بڕوانینە هۆزی ( ال عبید ) یان هۆزی ( ال عزە ) زۆر بە ئاشکرا بۆمان ڕون دەبێتەوە کە ئەو دوو هۆزە هەر یەکێ لە پیاوێك دروست بوونە کە ئەویش ( عبید و عزیز ) ناوێکن ، ئەم دوو هۆزە گەورەیەی عەرەبی لێ دروستبونە ، لێرەدا پرسیارێك خۆی زەق دەکاتەوە ، ئایا ئەو کەسانەی کە ئێستا خۆیان بە عبیدی یان بە عزی دەزانن و داکۆکیان لێ دەکەن هەموویان لە نەوەی ئەم دوو پیاوەن ؟ وەلامەکەش تەنها بە نەخێر دەدرێتەوە ، دوور نیە جۆرە کەسانێك بۆی لوابێت و تێکەڵیان بوبێت لە نەوە و ڕەگەزەی عەرەبیش نەبیت ئێستا بوونە بە عەرەب و بەو هۆزانە و شانازی دەکەن .

لە وڵاتەکەی خۆمانیشدا لەو جۆرە هۆزانە دروست بوونە بەڵام زۆر بە کەمی بە ناوی تەنها پیاوێکەوە دەناسرێن ، لەبەر ئەوەی باری جوگرافی ناوچەکەمان و داب و نەریتی نەتەوەکەمان و هەڵسو کەوتی کەسایەتیمان لەگەڵ ئەو هۆزە عەرەبیانەدا بەراورد ناکرێت و جیاوازیەکی زۆرمان لە نێواندا هەیە ، دروستبوونی هۆزەکانی خۆمان و ئەو ناوانەی کە بووە بە پێناسەیان زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ ناو و پێناسەی ئەو نیشتیمانەی ئەو هۆزەی لێ دروستبووە ، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەسەنایەتی و پەیوەست بوونی گەلەکەمان بە خاك و نیشتیمانەکەی خۆیەوە ، بە پێچەوانەی ئەو هۆزە عەرەبانەی کە لە عێراقدا ئێستا هەن و خۆیان بە خاوەنی خاك و نیشتیمان دەزانن ، هەموویان لە دوای دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام لە دورگەی عەرەبەوە ڕویان لە عێراق

کردووە بە کۆچ کردن هاتون بۆ ئەم ولاتە بە ناوی بلاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامەوە زۆربەی ئەم ناوچانەیان داگیر کردووە و تیایدا جێگیر بوونە ، گەلی کوردیش هەر لە خاك و نیشتیمانەکەی خۆیدا ماوەتەوە و پارێزگاری لە خۆی کردووە ، ئەگەر کۆچیشی کردبێت هەر لە خاك و نیشتیمانەکەی خۆیدا کۆچی کردووە لە چەمکێکەوە بۆ لایەکی دیکە و خاکی هیچ کەسێکی نەکردووە بە نیشتیمان و مەڵبەندی خۆی و داگیری بکات ، ئەم هەڵسو کەوت و کۆچ کردنانەیش زۆر جار ڕویداوە بەهۆی ڕوداوێکی گەورەوە لە ناوچەکەدا و بەهۆی هێرش کردنی دوژمنان و ناحەزانەوە ناچار کراوین لەلایەکی ولاتەکەمانەوە ڕو لە لایەکی دیکەی ولاتەکەمان بکەین ، لە کاتی کۆچکردنی هۆزەکاندا کە پێی دەگوترێت ( نزوح القبائل ) ژمارەیەك خێزان بەیەکەوە لە ناوچەیەکی

كوردستانەوە كۆچيان كردووە بۆ ناوچەيەكی دیكە لە پەنا و تەنيشت چيايەكدا لەنگەريان گرتووە و جێنشين بوونە ، لەو كاتەدا ناوێكی تازەيان بۆ خۆيان هەڵبژاردوە ، يان بە ناوی ئەو نيشتيمان و جێگاوە كە لێيەوە هاتونە يان بە ناوی ئەو جێگا تازەيەوە كە لێی نيشتەجێ بوونە و ناسراون و ناو بانگيان دەركردووە و بوونە بە هۆزێك ، بۆ نمونە هۆزی ( تاڵەبانی ) كە باپيرە گەورەيان مەلا محمودی زەنگەنەيە لە تيرەی مير سمايلە ، دەبوايە ئێستا بە زەنگەنەی مەلا محمودی ناويان دەر بكردايە . لەبەر ئەوەی مەلا محمودی زەنگەنە لە ئاوايی ( تاڵەبان ) ی ناوچەی چەمچەماڵ دانيشتووە ، نەوەكانی لەم ئاواييەوە بلاۆوەيان كردووە بۆ ناوچەكانی كوردستان و بە ( تاڵەبانی ) ناسراون ئێستا بەهۆزی تاڵەبانی ناويان دەركردووە.

هەروەها هۆزى ( ئاكۆ ) كە ئێستا هۆزێكى زۆر گەورەيە بەڕەگەز لە هۆزى گەورە و بە دەسەلأتى ( بلباس ) جيا بوونەتەوە لەبەر ئەوەى لە دەور و بەرى بنارى چياى ( ئاكۆ ) دا نيشتەجێ بوونە بۆيە ئەو ناوەيان بۆ خۆيان داناوە و ئێستا بەو ناوەوە دەناسرێن .

هۆزى داويە ( داوودە ) كە ئێستا هۆزێكى گەورە و بە توانايە . بەشێكە لە هۆزى ( كەڵوڕ ) كەڵهوڕ ، نيشتيمانى پێشويان دەور و بەرى شارۆچكەى ( سەرپيلْ ) زەهاوى ناوچەى كەلى ( داوودە ) و ناوچەى ( انزلْ ) كە دەكەوێتە نێوان كرماشان و قەسرى شيرينەوە .

لەبەر ئەوەى زۆربەيان لە دەور و بەرى ( كەلى داوود ) نيشتەجێ بوونە ئەم ناوەيان بۆ خۆيان هەڵبژاردووە كە نيشتيمانى يەكەميانە .

ئەم هۆزە بە سەرۆکایەتی سەرۆك هۆزەکەیان کە ناوی ( حەقی بەگ ) بووە لە ساڵەکانی ( 1005 ك ) کۆچیان کردووە بۆ نیشتیمانی ئێستایان ، بە تایبەتی لە داوەدی کوردستانی باکور و خوارو نیشتەجێ بوونە ، هۆی کۆچ کردنیان هەتاکو ئێستا بە تەواوی ڕون نەبوەتەوە .

بەگوێرەی بۆچونی چەند سەرچاوەیەك ، تەنها هۆی پەیدا بوونی ئاژاوەی نێوان هۆزی کەڵوڕ بووە ، ئەوەی مێژوو بە چاکی باسی لێوە کردووە .

لە ساڵەکانی 1005 سەرۆکایەتی هۆزی کەلوڕ بە دەستی ( ئەمیر مەنسوڕ خان )ی کەلوڕ بووە .

شەهباز خانی برای ئەمیر مەنسوڕ یارمەتی دەری بووە لە هەڵسوڕاندنی ئەمارەتەکەیاندا .

شەهباز خان ویستویەتی ئەمارەتەکە لە ( مەنسوڕ خان ) ی برای داگیر بکات لە ئەنجامدا شەڕ و کوشتار لە نێوانیاندا بە توندی ڕویداوە و ( شەهباز خان ) بە دەستی ( مەنسوڕ خان ) کوژراوە .

ئەم کوشتار و ئاژاوەیە بووە هۆی کۆچ کردنی تیرەی ( داوودە ) کە سەر بە ( شەهباز خان ) بوونە ، بۆ نیشتیمانی ئێستایان کە ( داوودە ) ی کوردستانە .

بەگوێرەی پەرتوکی مێژووی ( هۆزەکانی کوردی عێراق ) لە نوسینی پارێزەر عەباس العزاوی .

هۆزی کەڵوڕی لە دوو تیرەی سەرەکی پێکهاتوون :

1- تیرەی مەنسوڕی
2- تیرەی شەهبازی

## ئێستا ئەم تیرانە چەند تیرەیەکی دیکەیان لێ دروست بووە بەم شێوەیەی خوارەوە :

أ- تیرەی مەنسوڕی :

1- بان سیری
2- گاوو سواری
3- چۆڵەکی – چۆڵمەکی
4- هەڵشی – هەڵەشی
5- نرگس – نرگزی
6- پلاًو خۆری – بهلوخۆری
7- سەرتەنگی – دەرتەنگی
8- زەڕنەی – زێڕێنەی
9- کوتکی – کتکی
10- کەڵهوڕەکان
11- کوله سوندی
12- سەلیمی

ب- تیرەی شەهبازی : -

1- داوودی – داوودە
2- عومەر بلی – ئۆمەر بلی
3- کاور بەندی – کابەندی
4- سیاە بێدی – سیاە بەدی
5- شیانی – شیانی
6- بداغ بەگی – بووداغ بەگی
7- بارنەوەری – نەوەری
8- کە پەنەك شری – کە پەنەکی
9- دەوڵەت شەوقی – شەوقی
10- بەیانی – ڕۆژ بەیانی
11- باسکی – باسکلی
12- خالدی – خاڵەیی
13- گەیلانی – گەیلان
14- قەلاً شاهێنی – شاهێنی

پ- تیرەی داوودە لە کوردستانی عێراقدا بەم جۆرەی لای خوارەوە ئاماژەیان بۆ کراوە و بوونە بە هۆزێکی سەر بە خۆ و تیرەیان لێ دروست بووە .

وەك لەسەرەتاوە باسمان کردووە – تیرەی داویە – داوودە – لە دەور و بەری سەرپێڵی زەهاو و کەلی ( داوودە ) وە بە سەرۆکایەتی ( حەقی بەگ ) کۆچیان کردووە بۆ جێگای ئێستایان .

لە ئە نجامدا بوونە بە هۆزێکی گەورە و بە دەسەلاّت و بەم جۆرەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە لە مێژوودا .

1- حەقی بەگ دوو کوڕی هەبووە :

1- محمد

2- مستەفا ، دایکی مستەفا کچی ئەمیر ئیسماعیل زەنگەنەیە ناوی ( شا خاتون ) بووە .




ئەمانەی سەرەوە دەکرێن بە چوار بەشەوە :

1- بەشی عەلی ئاغا – سەرۆکی گشتی دارا بەگی کوڕی محمد ئاغایە

2- بەشی ابراهیم بەگ – سەرۆکی گشتی رفعت کوڕی ئیسماعیل

3- بەشی باقر ئاغا – سەرۆکی گشتی محمد امین کوڕی محمد خورشید کوڕی باقر کوڕی ئیسماعیل

4- بەشی ناصر ئاغا – سەرۆکی گشتی عەزیز ئاغا کوڕی عەباس ئاغا

هۆزی داوودە ئێستا بووە بە دوو بەشەوە :

1- داوودەی کوردستان . 2- داوودەی گەرمیان .

أ- بنەماڵەی عەلی ئاغا سەر پەرشت ی ئاواییەکانی تاووغ حەفتەغار و دوانزە ئاوایی دەکەن .

ب- بنەماڵەی ابراهیم بەگ – خرماتوو – البو صباح – دەئاوایی دیکە .

ت- بنەماڵەی باقر ئاغا – دوو ڕاجی – غەڕە و دە ئاوایی دیکە .

پ- بنەماڵەی ناصر ئاغا – کە دایکیان ( شا خاتون )ی کچی میر سمایل زەنگەنەیە – سەرپەرشتی ناحیەی زندانە و ( 20 ) ئاوایی دەور و بەری ئەم ناحیەیە دەکەن .

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت تەنها ناوی سەرۆک هۆز و بنەماڵەکانی سەرۆک هۆز کراوە کە لە حەقی بەگ جیا بوونەتەوە ، لە ڕاستیدا ئەو کاتەی ئەم

تیرەیە لە داوودەی کوردستان جێگیر بوون ژمارەی ( 80 ) هەشتا ماڵ بوون یەکێك لەو ماڵانە ( حەقی بەگ ) بوو .

بەواتای ئەم هۆزە تەنها لە حەقی بەگ پێك نەهاتووە جگە لە حەقی بەگ ( 79 ) ماڵی دیکە لە هۆزی داوودەی کەلوڕی لەتەکدا بوو .

یەکێك لەوانە تیرەی ( بارنەوەریە ) و چەند تیرەیەکی دیکەیش لەم هۆزەی ئێستا تێکەڵیان بووە .


سەرچاوەکان :

1- العشائر العراقیه – الکردیه
2- تاریخ امارات زنگنە و ادارتها
3- تاریخ عشیرە الزنگنە


عمر حاجی علی زەنگەنە
خورماتوو

2006 / 9 / 15

## (( چەمکێك لە مێژووی ژیانی میر سمایلی زەنگەنە ))

## ( 1000 ك / 1591 ز - 1100 ك / 1688 ز )

**ئەم میرە پایە بەرز و ناودارەی کورد کوڕی میر نەوشێروان کوڕی عەلی خانی کوڕ میر القاس خانی کوڕی فارس خانی کوڕی حارس خانی موکری زەنگەنەیە - لە ساڵی 1000 ك – 1591 ز لە دێی ( ئیبراهیم تەپە )ی ناوچەی ( ماهی دەشت ) سەر بە پارێزگای ( کرماشان ) چاوی بە دونیا هەڵهێناوە (1) میر نەوشێروان خانی باوکی میر سمایل لە ساڵی 1020 ك / 1560 ز میری ئەمارەتی زەنگەنە بووە لە پارێزگای ( کرماشان ). پایتەختی میرنشینەکەی لە ناوچەی ( ماهی دەشت ) لە دەور و بەری دێی ( ئیبراهیم تەپە ) ی**

ئێستادا بووە ، ئاسەوارەکانی ( قشڵە و سەرا ) کەی هەتاکو ئێستا هەر ماوە ، قەڵەم ڕەوی ئەمارەتەکەی گەیشتوەتە ناوچەی ( زەهاو ) و ( خانەقین ) و جار جارێك ناوچەی ( مەندەلی ) و ( زرباتیە ) یشی خستوەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە ، ئاسەوار و قشڵە و سەراکەی ( عەلی خان ) باپیری میر سمایل لە شارە خۆشەویستەکەی ( خانەقین ) شایەتی بەر چاوە .

کە بە ناوی ( سەرای عەلی خان ) زەنگەنە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسەوارەکانی عێراقەوە هەر بەم ناوەوە تۆمار کراوە [2] لە ساڵی ( 1025 ك / 1615 ز ) . شا عەباسی سەفەوی چاوی تەماحی بڕیوەتە ئەمارەتەکەیان ، بە سوپایەکی زۆر و پڕ چەکەوە هەڵدەکوتێتە سەریان ، لە دوای شەڕ و کوشتارێکی زۆر کە ماوەی شەش مانگ دەخایەنێت ، شا عەباس توانیویەتی ئەمارەتەکەیان بڕوخێنێت

و ولأتەکەیان داگیر بکات و شار و شارۆچکە و دێهاتەکانیان هەموی بسوتێنێ .

دانیشتوانی ناوچەکەیان بەگشتی دوچاری پەڕە گەندەی ناوچەکانی کوردستان و ئاوارەیی ولأتانی دەور و بەر دەبن ، میر نەوشیروان باوکی میر سمایل لەگەڵ بنەماڵەکەی خۆی و ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەکانی هۆزەکەی . پەیوەندی دەکەن بە خزمەکانیانەوە لە هۆزی زەنگەنە لەسەر ڕوباری ( ئاوە سپی و باسەڕە ) کە بە سەرۆکایەتی سەرۆك هۆزەکەیان [3] ( حاجی عەلی بەگ ) ژیانیان دەبردە سەر . میر ( نەوشیروان ) لەگەڵ ئەو بنەمالأنەی لە تەکیدا بوون لە ئاوی ( عەباسان – هەواسان ) دەپەڕنەوە بۆ سەر چەمی ( سیروان ) و لە ڕێگای ( پێیباز ) ەوە دەپەڕنەوە .

خۆیان لە چگی سەفەویەکان ڕزگار دەکەن و دەگەن بە ناوچەی زەنگەنە ( قادر کەرەم ) ی ئێستا میر نەوشیروان لە دێی ( گەڕاوی ) لە نزیك چەمی ( باسەڕە ) دا جێنشین دەبێ – میر نەوشیروان . شەش کوڕی هەبووە . چواریان لە جەنگی نێوان ئەمارەتی زەنگەنە لە ( ماهی دەشت ) و شا عەباسی سەفەویدا شەهید دەبن . تەنها ( سمایل و محمد ) لەتەك باوکیاندا دەمێننەوە لەبەر ئەوەی ( میر سمایل ) زۆر زیرەك و لێهاتوو دەبێت باوکی سەرۆکایەتی هۆزەکەی پێ دەسپێرێت . ناو بانگی زیرەکی و لێهاتووی ئەم پیاوە دەگاتە گوێی (4) ( سوڵتان موڕادی چوارەم ) سوڵتانی عوسمانیەکان ، لە ساڵی 1035 ك / 1625 ز لەسەر داوای سوڵتان موڕادی چوارەم هاوڕێ لەگەڵ ( میر تالآی یاوز بەگ ) دادەچێت بۆ ( ئەستانە – ئەستەنبوڵ ) لە کۆشکی ( یوڵدز ) دەبێت بە مێوان ئەوەی

شایەنی باسە ئەم کۆشکە تایبەت بووە بە میوانداری گەورە پیاوانی ئەو سەردەمە ، لە دوای دوو ڕۆژ پشوودان ، ( سوڵتان ) داوای میر سمایل و هاوەڵەکەی دەکات و پێشوازیەکی پڕ شکۆی لێدەکات زۆر ڕێزی لێدەگرێت ، سوڵتان داوای لێدەکات بە تواناى پیاوانی هۆزەکەی و بە پشتگیری دەوڵەتی عوسمانی پارێزگاری لە سنوری ڕۆژ هەلاتی عێراق بکات لە هێرشەکانی سەفەویەکان بیپارێزێت میر سمایل بە ئەو پەڕی دڵخۆشیەوە داواکەی سوڵتان موراد وەر دەگرێت ، ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت ، بەم وشانە وەلامی سوڵتان دەداتەوە ( سەر و ماڵ و گیانی خۆم و هۆزەکەم دەبەخشم بە باب العالی و ئەمیری موسڵمانان . سوڵتان مورادی چوارەم ) .

هەر لەو چاو پێکەوتنەدا سوڵتان مورادی چوارەم پلە و نازناوی ( ئەمیر ) ی بە میر سمایل

دەبەخشێت . فەرمانی سوڵتانی بۆ دەردەکات ئەمارەتی زەنگەنە لە ناوچەکەیدا پێك بهێنێت ، هەروەها فەرمان دەدات بڕی دە هەزار لیرەی ئاڵتونی بدەنێ لە خەزێنەی دەوڵەت ، میر سمایل پارەکە وەردەگرێت ، سێ جار ماچی دەکات دەیگرێت بە سینگی خۆیەوە ، بە سوڵتان دەڵێت ، ئەی گەورەی موسڵمانان من ئەم دیاریە پڕ بەهایەی بەڕێزتانم وەرگرت هەتاکو من لە ژیاندا بم شانازی پێوە دەکەم لەبەر ئەوەی ئەم پارەیە ماڵی موسڵمانانە و لە ( بیت المال ) دەرچووە دەیگەڕێنمەوە و دەییەخشم بە ( بیت المال المسلمین ) واتە خەزێنەی دەوڵەت ، ئەم هەڵوێستەی میر سمایل بوو بە مایەی دڵشادی سوڵتان و ڕێز و زیرەکی و گەورەی میر سمایل لەلای سوڵتان زیاتر دەچەسپێت ، میر سمایل لە دوای گەڕانەوەی لە ( ئەستەنبوڵ ) هەر لەو ساڵەدا لە ڕۆژ ئاوای چیای (

امام ذ النور ) **دا لە نزیك دێی ( قەیتول ) دەست دەکات بە دروستکردنی قەلاّ و قشلّە و ئۆردوگای سەربازی ئەمارەتەکەی و ناوی دەنا قەلاّی ( خورمادار ) ئێستایش ئاسەوارەکانی هەر بەو ناوەوە دەناسرێت لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسەوارەکانی عێراق هەر بەو ناوەوە تۆمار کراون**

.

**لە سالّی** 1140 **ك /** 1630 **ز لە دێی ( گەڕاوی ) دەگوازێتەوە بۆ قەلاّ و قشلّە تازەکەی لە دێی ( قەیتول ) دەیکات بە پایتەختی ئەمارەتەکەی . میر سمایل لە سالّی** 1050 **ك /** 1640 **ز دەستی کرد بە دروستکردنی پایتەختی هاوینەی لەسەر ڕوباری ( باسەڕە ) ناوی لیّ دەنیّ ( شاری گومەیەل – مدینه القباب )** [5] **لەبەر ئەوەی کۆشك و سەرای ئەم شارە زۆربەی بە گومەت دروستکرا بوون**

، بە تایبەتی کۆشکی میر و سەرای دەسەڵاتی میرایەتی .

لە ساڵەکانی 1955 – 1957 نوسەر – سەردانی ئەم ئاسەوارانەم زۆر کردووە زۆربەیان هەروەك خۆی مابوون ، لە پرۆسەی ( انفال ) ی بەد ناودا بەعسیەکان هەموو ئاسەوارەکانی ئەم شارە خنجیلانەیان ( انفال ) کرد و روخانیان ، لە ساڵی 1055 ك / 1645 ز بە فەرمانێکی سوڵتانی پلەی ( المستلم ) دەدرێت بە میر سمایل [6] ، ئەم پلەیە لەو کاتەدا بە پلەی وەزیری دارایی ئێستا دەژمێر درا ، لە دوای ئەم پلەیەی پێ دەبەخشرێت ، میر سمایل هەموو ساڵێك بۆ ماوەی ( 5 ) مانگ لە قەلای کەرکوك بەرپرس بووە لە وەرگرتنی دارایی و دەسهات و ئاسایشی پارێزگای کەرکوك و پارێزگای ( دیلە – بەعقوبە ) ئەو دەسهاتانەی وەری گرتووە ، لەسەر بڕیاری سوڵتان

چوار یەکی بۆ خەرجی ئەمارەتەکەی خۆی لای لاداوە ، ئەوەی ماوەتەوە لە ڕێگای والی ویلایەتی موسڵەوە ناردویەتی بۆ ( ئەستانە – ئەستەنبوڵ )
.

ئەو کاتەی میر سمایل بەرپرسیاریەتی قەڵای کەرکوکی پێ سپێردراوە ، کاری هەڵسوڕاندنی ئەمارەتی زەنگەنەی سپاردووە بە ( محمد بەگ ) ی برای ناو براو ئەو کاتە سوپا سالاری لەشکری ئەمارەتی زەنگەنە بووە ، ئەو کاتەی میر سمایل بەرپرسیاریەتی خۆی لە قەڵای کەرکوک بەدەست دەگرێت ، باری ئاسایشی کەرکوك زۆر ئاڵۆز و نا هەموار دەبێت بە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێك چەتە و ڕێگرەوە لە شارەکەدا بە شەوان هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان دەیانیان کوشت و ماڵەکانیان بە تالأن دەبرد ، ئەمەیش بەسەرکردایەتی یەکێك بە ناوی ( مستەفا ) کە بە ( مچەڵە ) دەناسرا، (7)

میر سمایل فەرمان دەداتە پاسەوانە تایبەتەکانی خۆی بۆ گرتنی ، بە پیلانێکی دارێژراو لەلایەن پاسەوانەکانەوە لە ناو چەمی ( خاسە ) دا ( مچەڵە ) و هاوەڵەکانی بەدیل دەگرن ، ئەو کاتەی ( مچەڵە ) ئامادە دەکەن دەیبەن بۆ دیوانی میر ، میر فەرمان دەدات لە ملی بدەن و بیکوژن ، هەتاکو شارەکە لە کێشەی ( مچەڵە ) و هاوەڵەکانی ڕزگاری ببێت ، لەو کاتەدا ( مچەڵە ) داوای ڕوخسەت لە میر دەکات ، ڕێگای بدات دوو ڕستە هۆنراوەی بۆ بڵێت لە دوایدا بدات لە ملی ، میر ڕوخسەتی دەداتێ ( مچەڵە ) بە زمانی تورکی کە ئەو کاتە زۆر باو بووە دوو ڕستە هۆنراوە دەڵێت ، کە ئەمەیە :

پاشا وار – متسلم وار – من کویتلیك ایتلدیم بولدم

سەن ایلك ایلە پاشاوار

ئەوەی شایەنی باسە ئەم هۆنراوەیە هەتاکو ئەمرۆیش لە کەرکوك لە لایەن ( قۆریات ) بێژانی برا تورکمانەکانەوە دەگوترێت و هەر زیندووە .

لە ئەنجامدا ( مچەڵە ) و هاوەڵەکانی بەڵێن دەدەن بە میر سمیل بە شێوەیەك ئیتر نەگەڕێنەوە بۆ کاری تێکدەرانە و ڕێگری میر سمیل لێیان دەبورێت و ئازادیان دەکات ، ئەوانیش بەڕاستی بەڵێنەکەیان بەسەر دەبەن ، سەر ئەنجام ( مچەڵە ) دەکرێت بە لێپرسراوی ( حەس حەسە ) کانی شەو بەم جۆرە میر سمایل دەتوانێت ئاسایشی شاری کەرکوك چاك بکاتەوە ، دانیشتوان بە ئارامی بژین ، میر سمایل ئەم کەڵە پیاوە لە تەمەنی لاویەتیەوە بەڵگە و نیشانەی هەڵکەوتوی و زیرەکی و وردبینی پێوە دیار بووە ، بەگوێرەی ئەو کات و سەردەمەی ئەو تیایدا ژیاوە هەمو تونایەکی سەرکردایەتی پێوە دیار بووە ، لەماوەی ژیانیدا

چاوی بە گەلێك پیاوانی گەورە و لێهاتوی سەردەمی خۆی کەوتوە و سەردانیانی کردووە ، ئەوانیش پەیوەندی و دۆستایەتیان لەتەکیدا بەستووە ، هەمیشە بە بالآی سوار چاکی و زیرەکی و دەست بلآویدا هەڵیان داوە ، لە کاتی دەسەلآتی خۆیدا چوار جار سەردانی سوڵتانی عوسمانی کردووە لە ( ئەستەنبوڵ ) بە تاییەتی لە کاتی چونە سەر تەختیان و دابەزینیان لە پۆستی سوڵتانی .

دوو جار لە لایەن سوڵتانەکانی عوسمانیەوە خەلآت کراوە بە بەرزترین نەوتی ئازایەتی ئەو سەردەمە ، لە پاداشتی بەر بەرەکانی و شکاندنەوەی هێرشەکانی سەفەوی و قاجاریەکان و ئەو کەسانەی لە ژێر پەردەی ئەواندا هەوڵی تێکدانی ئاسایشی ناوچەکەنیان دەدا ، لەبەر

ئەوەی ئەمارەتەکەی زیاتر بەسترابوو بە ویلایەتی موسڵ و بە والی موسڵەوە .

هەموو ساڵێك جارێك هەڵدەسا بە سەردانێکی پڕ شکۆ بە دیاریەکی زۆرەوە سەردانی والی موسڵی دەکرد ، بە تایبەتی لە کاتی ویلایەتی ( نظيف پاشا ) دا [8] لە پایزی ساڵی 1045 ك / 1635 ز لەسەر داوای ( عەلی پاشا ) ی والی بەغداد – میر سمایل سەردانێکی گەورە و پڕ شکۆی کرد بۆ ویلایەتی بەغدا ، ژمارەیەکی زۆر لە بازرگانەکانی ناوچەکەی لەگەڵ خۆی برد بۆ بەغدا بۆ دروستبوونی پەیوەندی بازرگانی لە نێوان بازرگانەکانی ناوچەکە و بازرگانەکانی بەغدادا ، ژمارەیەکی زۆر دیاری نایابی وڵاتەکەی خۆمانی برد بۆ والی بەغدا لە ناو دیاریەکاندا ژمارەیەك ئەسپی ڕەسەنی کوردەواری بو ، ( عەلی پاشا ) والی بەغداد – لە دەروازەی ڕۆژهەڵاتی شار

( الباب الشرقی ) پێشوازیەکی گەرمی لە میر سمایل کرد ، حەوت ڕۆژ لەو سەردانەدا مایەوە لە بەغداد ، ئەم سەردانەی میر سمایل بوو بەهۆی درستبوونی پەیوەندی لە نێوان ئەمارەتی زەنگەنە و ویلایەتی بەغداد و دانیشتوانی هەردوو ناوچەکە ، هەر بۆیە گەورە پیاوان و بەگزادەکانی بەغدا هەمیشە سەردانی ناوچەی زەنگەنە و ئەمارەتەکەیان کردووە ، میر سمایل لە تەکیاندا هەمیشە بۆ ڕاو و شکار و سەیرانی دەچوو ، شاعری بە ناو بانگی زەنگەنە کە لە بنەماڵەی میر سمایلە ( زەبونی ) بەم چەند دێڕە هۆنراوەیە کە لە ساڵی 1225 ك نوسیویەتی ئاماژە بۆ ئەو پەیوەندی و هات و چۆیانەی نێوان بەگزادانی بەغداد و ئەمیر ئیسماعیل دەکات و دەڵێت . کە بە ماچۆی نوسیویەتی :




هەر وەخت مەکەرد عەزم باز شکار
مەخێزا چە بورح قولەی خورمادار
تەمام بەگزادان مولك بەغدا شار
مەکەردەن سەنای خان خورمادار

میر سمایل بەهۆی زیرەکی و لێهاتووی خۆیەوە هەرکاتێ هەوڵی داوە هۆزەکانی دەور و بەری هۆزەکەی خۆی لە یەك نزیك بکاتەوە ، لە پێناوی ئەوەدا هەمیشە بە ئاشتی و خۆشەویستی بە یەکەوە ژیان بەرنە سەر ، هەر بۆیە بەهۆی کەسایەتی بەناو بانگی ئاینی ( شێخ رشید ) ی ( عەودالآن ) وە توانیویەتی ( ئایشە خانی ) خوشکی شێخ مستەفای شێخ محمدی ( سەر گەڵو ) بخوازێت ، کە لە بنەماڵەیەکی ئاینی زۆر بەرز و ناوداره لە ناوچەکەدا ، میر سمایل لە ( ئایشە

خان ) شەش کوڕی هەبوو ( 1- احمد 2- محمد 3- عەلی 4- مستەفا 5- عبد الرحمن 6- القاس ) دوو کچی هەبووە ( شا خاتون ، زارا خاتون ) میر سمایل ( شا خاتون ) ی داوە بە ( حەقی بەگ ) باپیرەی هۆزی ( داودە ) و ( زارا خاتون ) ی داوە بە ( شێخ امام ) باپیرەی هۆزی شێخان .

بەم کارە چاکانەی توانیویەتی هەموو هۆزەکانی دەوری خۆی بکات بە کەس و پشتیوانی خۆی و ئەمارەتەکەی ، میر سمایل هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە هەموو هۆزەکانی گەلی کورد لە یەکتری نزیک بکاتەوە و بیانکات بە کەسی یەکتر لە پێناو یەکێتی و خۆشەویستی لە نێوانیاندا ، میر سمایل سەرەڕای ئەوەی میرێکی زۆر بە توانا و بە ناو بانگ بووە ، هەر چەندە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوە بەلاّم شێوە سەربەستیەکی زۆری هەبووە ، خاوەنی

دەسەڵات و سوپا و سالای تایبەتی خۆی بووە ، قەڵەم ڕەوی ئەمارەتەکەی هەتاکو چیای حەمرین لە ژێر دەسەڵاتیدا بووە ، میر سمایل پیاوێکی ئاین پەروەر و لە خوا ترس بووە ، هەمیشە دیوەخان و تەکیە و خانەقاکانی پڕ بووە لە پیاوی ئاینی و زانایانی ئاین پەروەر ، بەڵگەیش بۆ ئەم ڕاستیە ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە و خوێندنگای کردووەتەوە ، وەکو خوێندنگای ( امام ذالنور ) لە قەیتول و خوێندنگەی ( گومەیل ) خوێندنگەی دێی ( قرخ ) هتد – کار و باری ئەمارەتەکەی بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام و قورئانی پیرۆز بردوە بە ڕێوە ، بەڵگەی ڕاستی بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر سەیری دروشمی ئەمارەتەکەی بکەیت بە وشەی ( لا اله الا الله محمد رسول الله ) ڕازاوەتەوە .

ئەم زاتە لە ساڵی 1100 ك / 1688 ز لە قەڵای ( خورمادار ) لە پایتەختی ئەمارەتەکەی کۆچی دوایی کردوە ، لە گۆڕستانی ( چوار تاقان ) بە خاك سپێردراوە ، ئەم گۆڕستانە تایبەت بووە بە بنەماڵەی ئەمیر و کەسەکانی ، ئەم گۆڕستانە دیوارێکی بەرزی بۆ دروستکراوە چوار دەرگای پێوە بووە لەسەر دەرگاکان ( تاق ) دروستکراوە بۆیە پێی گوتراوە گۆڕستانی چوار تاقان ، جگە لەم گۆڕستانە گۆڕستانێکی گەورەی دیکە هەیە بە گۆڕستانی ( خانی جاڵی ) بەناو بانگ بووە بۆ هەموو دانیشتوانی شارەکە بەکار هێنراوە ، هەتاکو ئێستا ئاسەواری هەردوو گۆڕستانەکە ماون ، سوپاس بۆ یەزدان بەر کێلەی شۆفلەکانی ( انفال ) نەکەوتونە ، بۆ شایە تحاڵ هەر ماونەتەوە .

عومەر حاجی عەلی زەنگەنە

**سەرچاوەکان :-**

1- **مێژووی ئەمارەتەکانی ئەردەڵان ( محمد حسن کوردستانی ) بە زمانی فارسی .**

2- **هەمان سەرچاوە و کتابی** المونشيء البغدادي .

3- **پەرتوکی – کورد – تورك – عەرەب – ئەدمۆندز**

4- **دەستنوسێکی مەلا عبد الرحمن ڕۆژبەیانی بە تورکی جمیل ڕۆژ بەیانی کردویەتی بە کوردی .**

5- تاريخ امارت الزنكنة و اداراتها .

6- **مێژووی هۆزی زەنگەنە – محمد عبد الرحمن محی الدین .**

7- **هەمان سەرچاوە .**

8- **کەسایەتی بەناو بانگ حاجی عبد الرحمن محمد خسرەو دێی ( ژاڵە ) ئەم زاتە بەناو**

**بانگە لە ساڵەکانی ( 1833 – 1958 ز ) ژیاوە زۆر شارەزایی لە مێژووی ئەمارەتی زەنگەنەدا هەبووە .**

## (( جۆری دروستبوونی پارتە سیاسیەکان ))

لە بەشی پێش ئەم بابەتەدا لە ( دروستبوونی پارت و ڕێکخراوە کوردستانیەکاندا ) ئاماژەم بۆ بار و دۆخی سیاسی ساڵەکانی 1943 – 1946 کردووە پەنجەم خستوەتە سەر بارودۆخی ئەو پارت و ڕێکخراوانەی لەو ساڵانەدا جوڵاَنەوە و ڕۆڵی گرنگیان هەبووە و کاریان کردووە بۆ بەدەس هێنانی هیوا و ئامانجەکانیان ، بۆ چی و بە چی جۆرێك کات و سەردەم لە تەك هەنگاوەکانیاندا نەبوە و لەبەر چی بەرەو کزی و لاوازی توانەوە و لە ناو چوون ڕۆیشتوونە بە دەستی زۆر داران و نەیارانی کورد و کوردستان ، هەروەها ئاماژەم کردووە بۆ چۆنیەتی جۆری دروستبوونی پارتیەکی پێشڕەوی شۆڕش گێڕ لەسەر لاشەی پیرۆزی ئەوان لە ژێر ڕوناکی بیر و بۆچونی ژمارەیەك پیاوانی بە ئەمەك و دڵسۆز و شۆڕشگێڕی ئەم گەلە

چەوساوەیە کە هەست و نەستیان تەنیا بۆ رزگار کردنی گەلی کوردستان بووە بۆ بەدەستهێنانی رۆژێکی ئاسودە و پڕ لە خۆشی و سەر بەستی بۆ ئەم گەلە ستەم لێکراوە ماف خوراوەمان ، بێگومان ئەو بیر و هەستانەیش کە لە ناخی ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا هەبوون هەمویان لە ناخی ئەم گەلە بەشخوراوە ستەم لێکراوەدا هەڵقولاٚ بوون ، بە هیچ جۆرێك بۆنی بێگانەیان پێوە نەبووە ، یان لە ولاٚتی بێگانەوە بە ( هاوردە ) ئەو بیر و بۆ چونانەیان وەر نەگرتبوو تەنها لە ئاو و هەوا و خاکی نیشتیمانی خۆمانەوە هەڵقولاٚ بوون ، ئەو پارتەیش کە بۆ یەکەم جار لە نێو ( ڕەحمی ) دایکی کوردستاندا دروستبوو هەر نەوەکانی دایکە کوردستان ( ناوك ) یان بڕی و هەر لە لانکەی کوردایەتیدا چاوی بە دایکی خۆشەویستیدا هەڵهێنا ، ئەوەش ( پارتی دیموکراتی کورد ) بوو

، کە لە بەرواری 16 / ئابی / ساڵی 1946 چاوی هەڵهێنا و بەیەکە پارتی پێشڕەوی کورد ناسرا .

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم مەبەستە بۆ پێش چاوی خوێنەرانی ئازیز بە پێویستم زانی بەکورتی باسێك لە دروستبوونی جۆری پارتە سیاسیەکان بکەم شێوە و جۆرەکانیان کەمێك شی بکەمەوە و ژمارەیەکیان بۆ ئەوەی جۆرەکان و شێوەکانیان ئاشکرا تر بێت ، ئەوەی بە پێش چاوی هەڤالاَن و ڕشنبیرانی ئەم گەلەوە بەچاو دەبینرێت ئێستا لەسەر ڕووی گۆی ئەم زەویەدا و لەم جیهانەدا لە گۆڕپانی سیاسەتدا ژمارەیەکی زۆر پارتی سیاسی لە دوو تویێی تۆماری مێژوودا ناوی خۆیانیان تۆمار کردووە و دەست بەکار بوونە بۆ بلاَو کردنەوە و چەسپاندنی ئاما نجەکانیان هەر یەکە بە گوێرەی پەیڕەو و پڕۆگرامی تاییەتی خۆیان ، هەر یەکێك لەم پارتانەیش دروشمی تاییەتی و پێناسەی خۆی

هەیە و لافی نیشتیمان پەروەری و دڵسۆزی گەل و نیشتیمان لێدەدەن بە بۆچونی خۆی کەس لەو زیاتر دڵسۆز و چاك و پاك و بەدەس هێنەری ئامانجەکانی گەل نیە و کەسیش وەك ئەو پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانی ناکات کورد گوتەنی (( کەس بە دۆی خۆی ناڵێت تورش )) .

بەڕای من ئەم کۆمەڵە پارت و ڕێکخراوە سیاسیانەی کە ئێستا هەیە ئەوانەیش لە پێشدا هەبوون دەکرێن بە سێ بەشی سەرەکیەوە هەر یەکێك لەم گروپانەیش ژمارەیەك چڵ و پۆپی دیکەیان هەیە و ئەوانیش جێگەی باس کردنی تایبەتی خۆیان هەیە ، جۆرەکانی ئەو پارت و ڕێکخراوانەی لە جیهاندا کار دەکەن بە شێوەیەکی گشتی جۆرەکانی بیر و بۆچونی جیاوازیان لە یەکتری هەیە ، ئەم پارتە سیاسیانەی جیهان بە گشتی دەکرێن بە سێ بەشی سەرەکیەوە وەك لە

سەرەتاوە باسمان کرد ، هەر پارتێك بیر و بۆچونی تایبەتی خۆی هەیە و لەسەری ڕێدەکات ، لەتەك ئەمەیشدا هەر پارتێك لەم پارتانە بەهۆی خەبات و تێکۆشانی ڕۆژانە و گۆڕانکاری هەمیشەی لە دەور و بەرەکەیاندا و دروست بوون و بۆچونی نویێ بۆ جێ بەجێکردن و بەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکیەکەیەتی ، ژمارەیەك دیکە پارت و ڕێکخراوی دروست بوونە ژمارەیەکیشی پەل و چڵی نوێی لێ دروست دەبێت ، ئەمانەش ناسنامەیەکی تایبەتی نوێیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و لە سەری کار دەکەن ، بەڵام پارتە سەرەکیەکە و بیر و بۆچونە سەرەکیەکەی هەر بە بنەما و بە پارتی ( دایك ) لە پێنوس دەدرێت .

یەکێك لەو سێ جۆرەی باسمان کرد لە سێ جۆرە سەرەکیەکە دەتوانین بە پارتی کۆمەنیست جیهانی ( الحزب الشیوعی العالمی ) بناسین .

پارتی كۆمەنیست ڕەسەنی سەرەكی ئەو پارتەیە لەسەر تویّر و بیر و باوەڕ و بۆچونەكانی ( كارل ماركس ) دروست بوبێت بە شێوەیەكی ڕاست و تەواو پەیڕەوی بكات ، ئەمەیش دەبێت بەبێ دەسكاری و تێكدان و شێواندنی ( پڕانسیب ) و بنەما سەرەكیەكانی ، بێگومان ئەو بیر و ڕایەش تەنها لە بیر دۆزەكانی ( ماركس ) دا خۆی دەبینێتەوە .

خاڵی سەرەكی و شاكاری ئەم بیر و ڕایەش لە بیر و بۆچونی ( ماركس ) لە مادیەتدا خۆیان دەبیننەوە یان تەنها جگە لە مادیەت نابێت باوەڕیان بە هیچ جۆرە شتێكی دیكە هەبێت و بە دوایدا بچن ، بەواتای هەر شتێك بە دەست نەگیرێت و بە چاو نەبینرێت ، ئەوا ئەوان هەڵگری ئەم باوەڕەن بەڕاستی نازانن و بە دوایدا ناچن .

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ، ئەم جۆرە بۆچون و باوەڕە زۆر بە دەگمەن دەتوانرێت لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلام بە تایبەتی لە نێو گەلی کوردا بە گشتی بچەسپێنرێت لەبەر ئەوەی هەر کەسێك ئەم بیر و بۆچونەی لە بیر و هزری خۆیدا جێگەی کردەوە بەواتای تەنیا باوەڕی بە ( مادیە ) تە بۆ جێ بەجێ کردنی هەنگاوەکانی ، بۆجێ بەجێ کردنی بیری مادیەت پێویستە باوەڕ و بۆچونەکانی ئاینی ئیسلام بە تەواوی لە نێو هەست و بیر و هزری خۆیدا بسڕێتەوە و باوەڕی بە ئاینی ئیسلام نەمێنێت ، زۆر ڕون و ئاشکرایە یەزدانی مەزن هەتاکو ئێستا نە کەس بە چاو بینیویەتی نە ئەزانین چۆنە و بەچی جۆرێکە و نە کەسیش توانیویەتی بە دەست بیگرێ بە واتای هەر کەسێك خۆی بە مرۆڤێکی ( مادی ) بزانێت ناتوانێت لە هەمان کاتیشدا باوەڕی بە بوونی

خودای گەورە هەبێت ، لێرەدا دەتوانین بڵێین ( مادییەت ) بیر و بۆچونەکانی لەگەڵ ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا هەر یەك دژ بە ئەوی دیکەیە بە هیچ شێوەیەك ناگونجێت مرۆڤێك خۆی بە ئیسلام بزانێت و بڵێت من موسڵمانم لەسەر بیر و باوەڕی مادیەت کار دەکەم.

لە ڕابردودا بەشێوەیەکی زۆر کورت باسم لە تیۆری ( المادە ) کرد لەتەك بەراورد کردنێکی کورتدا بەرانبەر بە ئاینی ئیسلامی پیرۆز کە هەردووکیان دوو تیۆر و بیر و بۆچونی دژ بە یەکترین و بە هیچ جۆرێك ئەم دوو بۆچونە ناتوانرێت بە پێی بۆچون و باوەڕی ڕاستەقینە لە یەك مرۆڤدا جێگەیان بکرێتەوە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی ( مادیەت ) شتێکە و بیر و بۆچونی ئاینی ئیسلام شتێکی دیکەیە ، بەڕای من بیر و ڕای ( مادیەت ) هەر لە بەر ئەم هۆیە نەتوانراوە لە زۆربەی وڵاتە

ئیسلامیەکاندا بچەسپێنرێت جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم لە مرۆڤەکان ، کە دەڵێم زۆر کەم مەبەستم لە زۆری سەر ژمێری وڵاتە ئیسلامیەکانە و ڕێژەی ئەو ئیسلامانەی کە بیر و بۆچونی ( مادییەت ) یان قبوڵکردوە ، ئەو جۆرە کەسانە کە ئەم بیر و بۆچونەیان پەسەند کردووە بونە بە کۆمەنیست باوەڕیان بە تەواوی هێناوە بەو ڕێگەیە ئەو جۆرە کەسانەش دەکرێن بە سێ بەشی سەرەکیەوە بەم جۆرەی خوارەوە :

1- دەستەی یەکەم ئەو مرۆڤانەیە کە ئاستی زانیاریان چاکە و لە سەر جەم بیر و بۆچونەکانی ( مادیەت ) دا شارەزایی چاکیان پەیداکردووە و بیر و بۆچونەکانی ( مارکسی – لیلین ) یان بە چاکی خوێندوەتەوە و ئەزبەریان کردووە لە هەمان کاتدا بەرانبەر و بەراوردی هەمو بیر و بۆچونەکانی جیهانیان

کردوە و خستویانەتە تای ئەو تەرازووەوە کە خۆیان باوەڕیا پێی هێناوە و سەر ئەنجام گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی بیر و بۆچونەکانی تیۆری ( مادیەت ) یان بەلاوە لە سەرجەم بیر و بۆچونەکانی دیکە سەر پشك تر و چاکترە ، لەبەر ئەوە ئامادەیی خۆیان دەر بڕیوە و بەڵێنی مان و نەمانیان داوە لە پێناویدا کار بکەن تا دوا تنۆکی خوێنیان ، کەواتە ئەو بیر و بۆ چونە بووە بە بیر و بۆچونێکی تەواویان لە بیر و هزر و مێشکیاندا چەسپاوە بەجۆرێك بووە بە بیر و باوەڕێکی ڕاستە قینەیان وە ئامادەن خۆیان لە پێناویدا بەخت بکەن ، هەتا بتوانن بە ئەو پەڕی دڵسۆزیەوە و بە ئەمانەتەوە بەبێ گۆڕانکاری تێکدانێك ئەو بیر و باوەڕە بە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی جیهان ڕابگەیەنن پێیان بسەلمێنن کە ئەم ڕێگەیە

تەنها ڕێگەیە دەتوانرێت چینی کرێکار و جوتیار و زەحمەت کێشان لە ژێر باری نەهامەتی و ستەم و زۆری دەرەبەگە و سەرمایەدارەکان ڕزگار بکەن ، بۆیە هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکە نیە و باوەڕی پێناکرێت کە ببێتە هۆی ڕزگار کردنی ئەم کۆمەڵگەیە و بەرەو ژیانێکی ئاسودە و بەختەوەری و ئاشتی بیانبات و ڕزگاریان بکات ، ئەمانەی سەرەوە بیر و بۆچون ئەو کۆمەنیستەیە کە بەم جۆرە ئەم ڕێگەیەی پەسەند کردووە و کورد گوتەنی ( تا سەر ئێسقان باوەڕی پێیەتی ) کەواتە ئەم مرۆڤە لە هەر جێگەیەك بێت لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلام بێت یان لە دەرەوەی ئەم مرۆڤە بە ئیسلام نازانرێت و ئاینی ئیسلام ئەم جۆرە کەسە لە ڕیزی خۆیدا جێگەیان ناکاتەوە مەگەر بە یەکجاری لە ڕێگەکەی بگەڕێتەوە و

تۆبەی ( النصوح ) نەگەڕانەوە بۆ تاوان بکات و بگەڕێتەوە سەر ڕێگەی ئاینی ئیسلام .

2- لەم خاڵەماندا ئاماژە دەکەم بۆ جۆری ئەو مرۆڤانەی کە باوەڕیان بە ( مادیەت ) هێناوە بۆ بۆچون و ڕێنماییەکانی ( مارکس و لیلین ) ئەو جۆرە مرۆڤانە دەکرێن بە سێ بەشەوە وەك لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە و پەنجەم خستوەتە سەر بەشی یەکەمیان بە تاییەتی ئەو مرۆڤەی کە خۆی بە ئیسلام دەزانێت .

ئەمەیشی دادێت بەشی دووەمی بابەتەکەمانە ، دەستەی دووەم جۆرە مرۆڤێکن کە بیر و ڕای ( مادیەت ) یان پەسەند کردووە و ئاستی ڕۆشنبیریانش هەیە و یان مام ناوەندیە لە هەمان کاتدا شان بە شانی ئەم بیر و بۆچونەیان خۆیان بە ئیسلامیش دەزانن کاتێك دەکەوینە گفتو گۆ کردن لە گەڵیاندا خۆیان وا

پیشان دەدەن کە پەیڕەوی بۆچونەکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆزیش دەکەن ، لێرەدا ئەگەر مرۆڤی ژیر بەجوانی بڕوانێتە ئەم جۆرە مرۆڤانە و هەڵسوکەوتەکانیان تاوتوێی بکات بە جوانی بۆی ڕون دەبێتەوە کە ئەم مرۆڤانە بۆ مەبەستێکی تایبەتی یان چاکتر بڵێین بۆ دەستکەوتێکی تایبەت بە خۆیان بیر و بۆچونەکانی ( مادیەت ) یان هەڵبژاردوە و خۆیان خزاندوەتە نێویەوە و خەبات لە پێناویدا دەکەن ، بێگومان ئەم جۆرە مرۆڤانە ناتوانرێت بە هەڵگری ڕاستەقینەی بیر و بۆچونەکانی تیۆری ( مادیەت ) بژمێردرێن ، هەر وەك ئەم جۆرە مرۆڤانە لە هەندێك لە پارت و ڕێکخراوەکانی دیکەیشدا بەر چاو دەکەون ، بۆیە ناتوانرێت بە مرۆڤێکی ئاین پەرستی ئیسلامی تەواویان دابنێین ، هەروەك

لە یەکێك لە پەندەکانی باپیرا نماندا هاتووە ( بانێکە و دوو هەوا ) بۆیە ئەم جۆرە کەسانە هەر بەم پێوەرە دەدرێن لە پێنوس ، بەواتای نابێت ئەم جۆرە کەسانە بە خاوەنی بیر و باوەڕی ڕاستە ڤینە بدرێن لە پێنوس ، ئەم جۆرانە بە مەبەست و بەرژەوەندیە تایبەتەکانی خۆیان گەیشتن ئەو ئامانجە تایبەتەی خۆیان کەوتە دەست بەپەلە دەست لە بیر و باوەڕەکەی پێشویان بەر دەدەن کە خەبات کردن بوو لە پێناو تیۆری بیری ( مارکسی ) یەتە ، بەپەلە دەکەونە شوێن ئەو ئامانجە تاکە کەسیەی خۆی دەست لەمیان بەر دەدات ، پاشان ئەم مرۆڤانە بۆ گەل و بۆ هەڵگرانی ئەم بیر و باوەڕە وەدەر دەکەون ، ناسنامەی ( الانتهازی ) یە تیان پێ دەبەخشرێت ئیتر هیچ کەسێك باوەڕیانیش پێ

ناکات دەتوانین بڵێین ئەم جۆرانە نە بە ( مادی ) و نە بە ئیسلام لە پێنوس نادرێن ، ئەوەی شایەنی باسە ئەم جۆرە کەسانە ئاینی ئیسلام پەسەندیان ناکات و بە چاوی پیاو چاك هیچ تەماشایان ناکات ، مرۆڤی خاوەن باوەڕی ئیسلام پێویستە بە گوێرەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان هەڵسو کەوت بکات و ئاینی ئیسلام ( دوو فاقی ) قبوڵ ناکات لە نێو خاوەن باوەڕاندا هەبێت ، ئەم جۆرانە لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامدا بە ( منافق = دوو ڕوو ) ناو دەبرێن ، مرۆڤی خاوەن باوەڕ هەرکاتێك هەستی کرد بە هەر بیر و بۆچونێك کە دژ بە ئاینەکەیەتی نابێت تێکەڵی ببێت و یان تێکەڵی ئاینەکەی خۆی بکات ، ئەمەیش بە پێچەوانەی ئەو بیر و بۆچونانەی کە گونجاوە لە گەڵ بیر و بۆچونی ئیسلامدا کە لە خزمەتی

خاك و نیشتیمان و گەل خەبات بکات کە لە ژێر ستەمی ستەم کاران خۆیان ڕزگار بکەن کە سەرچاوەی سەرەکی لە ئاینی ئیسلامەوە هەڵقولاوە .

3- لە بەشی سێیەمی بابەتەکەماندا دەمەوێت باس لەو مرۆڤانە بکەم کە خۆیان بە هەڵگری بیر و باوەڕ و تیۆری ( مارکسی ) دەزانن ، ئەم جۆرە زۆر جیاوازن لەگەڵ بەشی یەکەم و دووەمدا لە ڕووی زانیاری و تێگەیشتن لە تیۆری ( مارکسی ) ئەم جۆرە مرۆڤانە بە بۆچونی خۆیان بە ئەو شێوە تێگەیشتنەی کە ئەوان تێگەیەندراون ئەم تیۆر و هزر و بۆچونە هۆی ڕزگاری چینی هەژارانە لە نەبوونی و برسێتی و ڕزگار بوونی چینی کرێکارانە لە ستەمی سەرمایە داران و ڕزگار بوونی جوتیارانە لە ستەم و زۆرە ملێی دەرەبەگایەتی ، ئەمەیش

تەنها زیاتر خراوەتە مێشکی ئەو جۆرە کەسانەوە کە نەخوێندەوارن و هەژار و ستەم لێکراون لەلایەن چینی سەرمایەداران و دەرەبەگەکانەوە تەنیا لەم ڕوانگەیەوە هەوڵیان لەگەڵدا دراوە و ئەم بیر و بۆچونەیان خراوەتە مێشك و بیر و هزرەوە ، بێ گوێدانە ئەوەی کە بزانن ئەم مرۆڤە بیر و بۆچونێکی زگماکی ڕاستەقینەی خۆی هەیە کە ئەویش ئاینی پیرۆزی ئیسلامە و ئەم بۆچونانەی تیۆری ( مارکسی ) پێچەوانەی ئاینەکەیەتی ، بێگومان ئەم مرۆڤە وەك ئاماژەمان بۆ کرد ئاستی زانیاری زۆر نزمە تا تێگەیشتنیشی لە ئاینەکەی خۆیشی بە چاکی نەگەیشتووە بە شارەزا بوونی چاك .

## (( جەژنی نەورۆز لە مێژووی کورد و ئاینی زەردەشتیدا ))

**ئەم جەژنە دوو چڵی هەیە : جەژنی ئاینی و جەژنی نەتەوایەتی**

**1- چڵی یەکەم : لە پەرتووکی ( ئاڤێستا ) دا هاتووە ، خوای گەورە ئەم دنیایەی لە ماوەی ( 6 ) ڕۆژدا دروست کردووە ، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی ( هود ) لە ئایەتی ( 78 ) دا دەفەرموێت** ( وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ) **هود – ئایەتی 7 کە ئەو شەش ڕۆژە دەبێتە ( 365 ) ڕۆژ واتا ساڵێکی تەواو ، کە سەرەتای دروستبوونی ئەم جیهانەیە ، لە ( ئاڤێستا ) دا ئەو ڕۆژە بە ( نەورۆز ) نا دەبرێت کە یەکەم ڕۆژە و بە ڕۆژێکی نوێ پێناسە کراوە ، هەروەها**

بەگوێرەی بۆچوونی ( ئاڤێستا ) نەورۆز جەژنێکە لە جەژنی زەردەشتیان کە ( ( 13 ) ڕۆژە ئەو ( 10 ) ڕۆژەکەیش جەژنی ( فەروەردگان ) ە بەواتای جەژنی پیاو چاکان ، یان جەژنی ( گوردان = کوردان ) ە لە مێژووە کۆنەکاندا زۆر جار ئەم جەژنە بە جەژنی ( گوردان = کوردان = دلێران = قارەمانان ) یان بە جەژنی کورد ناو براوە ، کۆی گشتی پشوودان و ( ئاهەنگ ) لەلای زەردەشتیان ( 13 ) ڕۆژە ، بەگوێرەی ڕێوڕەسمی زەردەشتیان ڕۆژی ( 13 ) کە بە ڕۆژی سیانزە بەدەر پێناسە کراوە ڕۆژی کۆتایی ئاهەنگ و سەیران و گەشتەکانە و سەردانی مەزارگە و ( مزدگە ) و شوێنە پیرۆزەکانە .

بەپێی فەرمانی زەردەشت بە ڕۆژی سیانزە بەدەر ناو براوە ، بەگوێرەی ئەم فەرمانە لەم

ڕۆژەدا نابێ هیچ کەسێك لەماڵەوە دابنیشێت ، وەها پێویستە بەگشتی خەڵك خواردن و خواردنەوە لە گەڵ خۆیاندا هەڵبگرن و بە جوانترین جلو بەرگی نایابەوە ڕوو لە چیا و ئەشکەوت و مێرگ و دۆڵ و نشێوەکانی کوردستان بکەن ، ئەمەش لە پێناوی بەجێ هێنانی یەزدان پەرستی و گەشت و سەیران و شادی ، هەروەها لەسەر لوتکەی چیا سەرگەشەکانی کوردستان ئاگر بە ( دار بەڕوو ) ی پیرۆز دەکەنەوە نەك بۆ پەرستنی وەك هێمایەکی پیرۆزی یەزدانی ، ئەم جەژنە تا ئێستا لە ولاَتانی ( کوردستان ، ئێران ، ئەفغانستان ، پاکستان ، هندستان ) و ژمارەیەك لە ولاَتە ( ئەوروپییەکان ) ساڵانە لە ڕۆژی 21 / ئازارەوە دەست پێدەکات و بۆ ماوەی ( 13 ) ڕۆژی ڕەبەق بەردەوام دەبێت ،

هەموو گەلانی ( ئاریانی = ئاریی نەژاد ) لە ڕۆژی 21 – 25 ئاهەنگی جەژنی نەورۆز دەگێڕن ، ڕۆژی شەشەم واتە 26 / ئازار یادی ( لەدایك بوونی = میلادی ) زەردەشتە كە گەورە پەیامبەری كورد بووە لەسەر دەمەكەی خۆیدا . ئەوەی جێی گوتنە كە لە سەردەمی ساسانیاندا و لە پێش ئەمانیشەوە هەر لەم ڕۆژەدا پاشاكان لەسەر تەخت دادەنیشت هەموو ساڵێ دیاری بەسەر هەژاراندا دەبەخشییەوە و تاوانبارانی دەبەخشی و عەفوی دەكردن .
دیاری و بەخشندەی لە هاوەڵانی و بەرپرسانی دەوڵەت وەر دەگرت ، هەرچەندە جەژنی ( نەورۆز ) لە زەردەشت و زەردەشتیان دێرین ترە ، بەلاَم زەردەشتیان گیانێكی نوێیات پێی بەخشی ، جگە لەم بۆنە و جەژنانەش ژمارەیەكی دیكە بۆنەی بەرز و پیرۆز هەن وەك

ڕۆژی هاتنە خوارەوەی ( وەحی ) بۆ حەزرەتی زەردەشت و دابەزینی یەکەم ئایەتی پەرتوکی پیرۆزی ( ئاڤێستا ) کە بریتیە لەم وشە پیرۆزانە ( بیری چاك ، وتەی چاك ، کرداری چاك ) هەروەها ڕۆژی کۆچی زەردەشت بۆ ولاتی ( ئەفغانستان ) و شەهید کردنی = کوشتنی ، هەر لەو ولاتەدا .

## 2- جەژنی نەتەوایەتی :

ئەمەیان لە هەموو گێڕانەوەکان کۆنترە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ( جەمشید ) پاشای ( پێشداد ) ییەکان ، وشەی ( یەمە ) ناوی ئاڤێستای جەمشیدە لە پالەویدا ، ( یەمەك = جەم = جەمەك ) ی پێدەگوترێت ، ئەم شا جەمشیدە بوو کە بۆ یەکەم جار ئامێر و کەل و پەلی جەنگی بۆ سوپاکەی دروست کرد وە هەر ئەویش بوو ڕۆژی

نەورۆزی دیاری کرد ، وە لە هەمان ڕۆژیشدا بوو جەمشید بەم ناوەوە ناسرا ، ئەوەش بەهۆی ئەو تیشکە هەتاوەوە کە کەوتبوە سەر تاجەکەی و دەبریسکایەوە ، بۆیە وشەی ( شەید ) ی پالەوی پێ زیاد کرا ، کە بە واتای تیشك دێت ، بەمانای ( پاشای مەزنی ڕۆشن و هەتاو و ڕوجوان و ڕوناك ) دێت .

أ- کیاکسار = کەی خەسرەو : لە ڕۆژی نەورۆزدا کۆتایی بە دەسەلاتی ( ئاشورییەکان ) هێنا ولە سالی ( 700 ) پ . ز یەکەم ئیمپراتۆریەتی ( ماد ) ی دروستکرد و ئەم ڕۆژەش بە سەری سالی کوردی دانا .

ب- کاوەی ئاسنگەر لە ڕۆژی نەورۆزدا بوو ڕا پەڕینە مەزنەکەی دروستکرد و ئەژدەهاکی لە نێو برد و ئالای ( کاوانیان ) ی دایەوە دەستی (

فەرەیدون ) ی کورد نەژاد و کردی بە سەرکردەی دەوڵەت .

ت- نەورۆز لە ڕۆژی نیشتنەوەی کەشتیەکەی ( ناخ = نوح ) پەیامبەر ( علیه السلام ) لەسەر کێوی ( جودی = گوودی ) هەروەها جەژنەکانی ( ئاسمانی = فەلەك ) ی خۆیان لەم باسەدا دەبیننەوە .

پ- جەمشیدی شای پێشداوی یەکەم کەس بوو کە پەی بە سورانی ( 365 ) ڕۆژی هەتاوی برد و یەکەم ڕۆژ و ساتی دەسپێکی سوڕی بە دەوری زەویدا دۆزیەوە و ڕۆژەکەی دیاری کرد وەك جەژن ڕای گەیاند .

ج- خەلیفەی ئیسلام ( المتوکل باللە ) ی عەباسی ڕۆژی باج و خەراجی لەساڵی کۆچیەوە گۆڕی و گواستیەوە بۆ ساڵی کوردی ( نەورۆز ) .

ح- نەورۆز ڕۆژی سەرەتای دەسپێکردنی ساڵی تازەی کوردیە و بووژانەوەی سروشت و جەژنی گژ و گیا و دار و دەوەن و سەر هەڵدانی گوڵە شلێرە و میلاق و نێرگزە ، لە کوردستاندا بەستەڵەك و شەختە بەند دەتوێتەوە و دەبن بە ئاودێری گوڵزارەکانی نێو بەهار .

خ- نەورۆز ڕۆژی بڵێسەی هەر سێ ئاگرە پیرۆزەکانی ( ناخ = نوح ) پەیامبەرە ( علیه السلام ) ، لەسەر چیای ( جودی = گوودی ) و ( برایم = ابراهیم ) پەیامبەر ( علیه السلام ) لە دۆڵی ( بتوێن ) و ( زەردەشت ) ە لەسەر چیای ( نارکی لە ئازەر بایجان ) دا .

د- ( هۆشەنك ) ی نەوەی ( کاوانیان = کەیانیان ) لە ڕۆژی نەورۆزدا بۆ یەکەم جار ئاگری لە کوردستاندا دۆزیەوە .

ژ- زەردەشتی پەيامبەری كورد  لە ڕۆژی شەشەمی نەورۆزدا لە دايك بووە ، جگە لەم بۆنە  و جەژنانەی ناو بران گەلێ جەژنی دیكەیش هەن هەر لە ڕۆژی نەورۆزدا ياد دەكرێنەوە .

عومەر حاجی عەلی زەنگەنە

خورماتوو – گەڕەكی ڕزگاری

2010 / 2 / 20

**(( خۆر نەوەزان : پايتەختی هاوينەی گەرميان ))**

**لە چەند بابەتێكی نوسەرە بەڕێزەكا نماندا چەند جارێك ناوی پايتەختی دێرينی دەڤەرەكەمان ( خۆر نەوەزان = خۆر نەوەزەن )[1] دەكەوێتە پێش چاو ، هەميشە لە شێوەی هاوينە هەوارێك بۆ گەشتياران ناوو زەدە و دەستنيشان دەكرێت ، بێ ئەوەی لە ڕاستيە مێژووييەكەی گەشتبن كە ئەم جێگە دێرينەی دەڤەری گەرميانە خۆشەويستەكەمان گەلێك لەوە گەورە ترە كە وەك سەيرانگەيەكی گەشتياران بۆی بڕوانرێت .**

**ئەمەيش لەبەر ئەوەی ئەم شوێنەوارە دێرين و گرنگەی دەڤەرەكەمان گرنگيەكی مێژووی تايبەتی خۆی هەيە ، ژمارەيەك لە نوسەران باوەڕيان وايە ئەم جێگەيە هاوينە هەوار وە جێگەی حەوانەوەی (**

کەریم خانی زەندە )[2] هەندێکیش بیر و ڕای جیاوازی دیکەیان هەیە .

لە ڕاستیدا ( خۆر نەوەزان ) پایتەختی هاوینەی ( میر ئەحمەد خان )[3]ی زەنگەنەیە و هاوینە هەواری کەریم خانی زەند نیە ، بە گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان ئەم جێگە دێرینە گرنگەی دەڤەرەکەمان دەستکرد و دروستکراوی ( ئەمیر ئەحمەدی کوڕی میر سمایلی زەنگەنەیە ) لە دوای ئەوەی ( نادر قوڵی شای ئێرانی )[4] بەدەستی سەربازەکانی خۆی لەسەر سنوری ( ئێران و ئەرمینیا ) لە ساڵی 1750 ز داکوژرا هەر لەو کاتەدا ( کەریم خانی زەند ) هەڵی کوتایە سەر ڕژێمە نەخۆشە پارچە پارچە بووەکانی پاشماوەی سەفەویەکان و خۆی بە بریکار ( وکیل )[5] ناو برد و شاری ( شیراز ) ی کرد بە پایتەختی دەوڵەتی ئێران ، دەسەلاتی ( کەریم خانی زەند ) لە ساڵی (

1750 ز - 1779 ز ) کۆتای هات بە مردنی خۆی ، ئەوەی جێی گوتنە ئەو ماوەیەی ( کەریم خان ) دەسەلاتی لە ئێراندا گرتبووە دەست حکومەتی داگیرکەری عوسمانی کە گەورەترین دوژمنی ئێران بوو دەستی بەسەر خاکی کوردستانی خواروی عێراقدا گرتبوو وە هەمیشە شەڕ و بەر بەرەکانی و جەنگ لە نێوانیاندا بەردەوام بوو .

2 ـ بێگومان ولاتی ئێران بە تایبەتی کوردستانی ڕۆژهەلات پڕە لە هاوینە هەوار و جێگەی گەشت و گوزاری گەشتیاران ، ئیتر نازانم چۆن و بە چی جۆرێك ( کەریم خان ) هاتوە و لە نێو خاکی دوژمنەکەیدا هاوینە هەوار و جێگەی ڕابواردنی بۆ خۆی دروستکردووە ؟؟!!

کورد وتەنی ( ئەم کارە نەکردەنیە )[6] !!

ئەو ڕاستیانەی مێژووی گەلەکەمان سەلماندویەتی بۆ ئەم ئاسەوارە دێرینەی گەرمیان ئەم بەڵگانەی خوارەوەیە :

أ- میر خان ئەحمەدی خانی زەنگەنە ، لە دوای مردنی باوکی لە ساڵی 1100 ك – 1688 ز دەسەڵاتی ئەمارەتی گرتە دەست لە قەڵای ( خورمادار ) [7] لە قەیتول و لە پایتەختی هاوینەی ( گومەیل = مدینە القباب ) پاشان پایتەختی هاوینەی گواستەوە بۆ ( خۆر نەوەزان ) ئەو ئەشکەوتە دێرینەی کە تائێستا بە ( شانشین ) [8] بەناو بانگە بۆ یەکەم جار بە فەرمانی ( میر ئەحمەد ) دروستکراوە و هەر بەناوی ئەوەوە دەناسرێت ، بۆ زانیاری زیاتر شاعیر و زانای ناسراو ( سلیمان بەگی کوڕی مستەفا

بەگی کوڕی میر سمایلی زەنگەنە ) کە ناز
ناوی شیعری ( زەبونیە ) .

لە ساڵی 1173 ك – 1760 ز لە دایك بووە و تا ساڵی 1256 ك – 1840 ز ژیاوە ، لە بارەی ( خۆر نەوەزان ) ەوە ئاوەها بۆمان دەدوێت :

غارێك دیم نە چاك دامان كۆیٚ

چینی بەگلەران خوسرەوی خۆیٚ

چی غار بەوێنەی كەڵڵەی كۆیی قاف

فەرقش چەنی ( فوق ) قاف مەدان گەزاف

اسم ( معروف ) ش ( خۆر نەوەزانە ) ن

فرۆشتونەی وەشت كەیل ( ڕەزانە ) ن

ئەحمەد بەگ نامێ چە نەوەی ( القاس )[9]

**نمۆ چەنی ئەو کەس بکریو باس**

**خولاسەی یەك ڕەنگ خەیاڵانی بێ**

**سەردار سوپا و سیاه[10] ماڵان بی**

**وەخت بەزم و ڕەزم ( خوسرەوی کەی ) بی**

**بە** ( الطاف و ارث ) **حاتەمی تەی بی**

**حوکمتاش تاشار ( تاتار )[11] وەبەر بی**

**سوپا و سالارش چوین ئەسکەندەر بی**

**خان حاتەم خوو بوزرك و سالار**

**تاج شاه [12] وە سەر میر ( خورمادار )**

**چە سەلاح الدین [13] هەتاوەی دەورە**

**نەدیم بەگلەرێ وەی تەرز و تەورە**

ئێستا وا فەلەك بونیادش بەردەن[14]

دیەنم حوكمان چل سنجەق كەردەن

**تێبینیەكان :**

1- خۆر نەوەزان : وشەیەكی ڕەسەنی كوردی شێوەزاری ( ماچۆ ) یە كە هۆزی زەنگەنە بەو شێوە زارە دەدوێن ، بەواتای ئەو جێگەیە ئەوەندە دارستانەكەی چڕە و سەهەندە تیشكی خۆر كاری تێ ناكات .

2- كەریم خانی زەند : كوردە و لە هۆزی دێرینی ( لەك ) یەكێكە لە شاكانی ولاَتی ئێران .

3- میر ئەحمەد خان كوڕی میر سمایل كوڕی میر نەوشیروان كوڕی عەلی خان كوڕی میر ( القاص ) خان.

4- نادر قولی شاه : یەكێكە لە شا خوێن ڕێژەكانی ئێران هێرشی زۆری كردە سەر دراوسێكانی خۆی.

5- ( وكيل = بريكار ) : ئەم ناز ناوە كەريم خانی زەند بۆ خۆی داينـاوە بە واتـای ئەو شا نيە وەكيلی شای سەفەويە .

6- ئەم كارە نەكردەنيە – وتەی پێشينانی كوردە .

7- قەلاَی خورمادار : ناوی پايتەختی زستانەی مير نشينی زەنگەنەيە لە ( قەيتول ) .

8- شانشين : ئەو ئەشكەوتەيە لە خۆر نەوەزان كە مير ئەحمەد بە هاوين لێی دادەنيشت .

9- القاص : ناوی با پيرە گەورەی مير سمايلە .

10- سياه مالاَن : بە شێوەزاری ماچۆ واتە ( ڕەشماڵ ) سوپاكەی لە ژێر ڕەشماڵدا دەژيان .

11- تاتار : بەواتای حکومەتی تورك = عوسمانی .

12- تاج شاه : میر ئەحمەد زەنگەنە تاجی شاهی لەسەری دەنا .

13- صلاح الدین : مەبەست لە سەلاحەددینی ئەیوبیە .

14- سنجق : لیوا – بەواتای میر ئەحمەد حوکمی ( 40 ) پارێزگا و قەزای کردووە .

**هاوپێچ :-**

1- نەخشەی کارگێڕی میر نشینەکەی ئەمیر ئەحمەدی زەنگەنە .

2- دروشمی ئەمارەتی زەنگەنە .

3- مۆری یەکێك لە پاشماوەکانی ( سنجق = قەزا ) ی ئەمارەتی زەنگەنە لە ناوچەی ( گل ) گوندی کۆشك کە بە زمانی تورکی نوسراوە .

عومەر حاجی عەلی

## سەرچاوەکان : -

1- مێژووی عەشیرەتی زەنگەنە / محمد عبد الرحمن .

2- مێژووی شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ / مستەفا نەریمان .

3- مێژووی ئەمارەتی بابان / جمال بابان .

4- مێژووی ئەمارەتی بابان / توفیق قفتان .

5- مێژووی دەوڵەت و ئەمارەتە کوردەکان / محمد ئەمین زەکی بەگ .

6- شاعیر و زانای کورد سلیمان بەگ ( زەبونی ) .

7- الشیخ الحاج عبد الرحمن محمد خسرو / قریە ژاڵە گۆم .

8- مێژووی عێراقی نوێ / عەلی الوردی .







وێنەی مۆرەکەی قەزای گل


خۆرنەوەزان
اسم (معروف)اش (خۆرنەوەزان)ەنە
خۆروە شنونەی وەشت کەیل (رەزان)ەن
گنتش باغانەن دەرحاشپەی دەربەن
هەبوان وسەبوان سەپرای سەهەن


السليمانية (شمال)
كركوك
التون كوبري
زاب الصغير
بشوان
جيم جمال
تازه خورماتو
ليلان
داقوق
مدينة العباسية
قلعة
قادر كرم
خورمادار
ابراهيم خانجي
طوزخورماتو
عربيل
بيباز
خانقين
جلولاء
كلار
تكريت
جبل حمرين
سامراء
خالص
(جنوب)
(شرقا)
١- = حدود الأماره
٢- ---- الطريق
٣- ~ النهر
٤- • الناحيه - او القريه
٥- • القضاء
٦- ⊙ المحافظه
(حدود إمارة زنگنه في زمن أمير احمد سنة ١١٣٦ هـ)

## خورماتوو یان دوز خورماتوو ؟ کامیان ڕاستە ؟؟

ئەم شارە خنجیلانەی کوردستان لە دامێنی کەلی ( هەنجیر )ە و لەسەر ڕوباری ( ئاوە سپی ) دا هەڵکەوتوە ، یەکێکە لە شارە هەرە دێرینەکانی کوردستان .

با پیرانی کورد ئەم شارەیان دروستکردووە و ئەم ناوە پیرۆزە شیان بۆی هەڵبژاردووە ( خورماتوو ) .

لە ڕۆژی دروست بوونی ئەم شارەوە تا ئەمڕۆ هەر بەم ناوەوە دەناسرێت ، هەروەك مێژوو نوسان ئاماژەیان بۆی کردووە مێژووی دروست بوونی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەدە زیاتر پێش زایین ، ئەوەی جێی گوتن و شانازیمانە ، تا ئێستا گۆڕانکاریەکی زۆر کەم کراوەتە سەر ناوەکەی ، بە شانازییەوە توانیویەتی خۆی لە کارەساتە توند و تیژەکان و گۆڕانکاریە یەك لە دوا یەکەکانی مێژوو بپارێزێت ،

**ئەو هەموو ڕوداوە گرنگانەی مێژوو نەیان توانیوە کاری تێ بکەن و ئەم ناوە پیرۆزەی بگۆڕن بە ناوێکی دیکە ، سەرچاوەکانی مێژوو بە کۆن و نوێیانەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم شارە جوانەی کوردستان لە کاتی دەسەلآتی ( خۆرییە ) کاندا و لە لایەن گەلانی ( زاگرۆز ) ەوە ئەم ناوە پیرۆزەیان بۆی هەڵبژاردووە ( خۆر + ماتوو ) بە زمانی خۆریەکان بەواتای ( شاری خۆرییەکان ) مێژوو نوسی گەورەمان ( د . کەمال مظهر ) لە پەرتوکی (** كركوك و توابعها حكم التاريخ و الضمير ) **دەفەرموێت :**

( و ممالة مغزاه – ايضاً أن الخوريين الذين حكموا بلاد ( آشور ) على مدى قرنٍ من الزمان ، هم الذين شيدوا دون ريب عدداً من توابع كركوك ، أهمها ( خورماتو ) **خۆر + موتۆم .**

( التي تحمل اسمهم حتى اليوم ، فان اسم المدينة الاصلي هي ( خور + ماتو ) المشتق المبني من كلمتين ، خور ، أي الخوريين و ، ماتو ، التي تعني المدينة ، فيكون معنى الاسم ( مدينة الخوريين ) و ضل خورماتو متداولاَ في العصور الاسلامية و لغاية أواخر القرن التاسع عشر ) .

**خوێنەری بەڕێز دەتوانیت بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر بڕوانیتە پەرتوکی** ( التاريخ الغياثي ) **لە نوسینی** ( طارق نافع الحمداني ) بغداد **ساڵی** 1975 **، هەروەها دکتۆر** ( **جمال رشيد احمد** ) **مامۆستای مێژوو ناسی ڕۆژ هەلأتی کۆن ، لە پەرتوکی** ( **كركوك فى العصور القديمه** ) **لە لا پەڕەکانی** 30 – 35 **ناوی شاری خورماتوی هێناوە و گەڕاندویەتیەوە بۆ سەردەمی خۆریەکان و بە** ( **خورمو** + **توم** ) **ناوی بردووە ، هەروەها شاری** ( **کفری** ) **بە** ( **کیماش** ) **هاتوە** .

بەبێ ئەوەی دانیشتوانی ئەم شارە واتا ڕاستەکەی بزانن ، وا بۆی چوونە لە ڕێگەی نەزانینەوە ، گوایە ناوی ئەم شارە ئاماژەیە بۆ بەرهەمی ( خورما + توو ) ، ئەمەش لەبەر ئەوەی ناوچەکە بەو دوو جۆرە بەرهەمە زۆر بەناو بانگە .

ئەوەی جێی گوتنە ئەم دوو وشەیە زۆر لە زمانی کوردیدا و لە مێژووی کۆن و نوێدا بەکار هێنراون .

لە سەردەمی ( ئاری ) یەکاندا و تاکاتی ( میدی ) یە کانیش ئەم وشانە هەر بەم شێوەیە بەکار هێنراون .

بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە ئەوەیە لە پەرتوکی ( البهولیە – الپازند ) کە تەفسیری پەرتوکی پیرۆزی ( ئاڤێستا ) یە ئەم وشانە هەر بەم واتایە هاتوون .

**لە دوای سەدەی بیستەم دانیشتوانی شارەکە لە ڕێگەی نەزانینی ناوە ڕاستیەکەیەوە ، ناوی بەرهەمێکی دیکەی ناوچەکەیان لکاندووە پێوە ، ئەوەش وشەی ( دوز ) واتا خوێ کە لە ناوچەکەدا هەیە ، لەو کاتەوە وردە وردە بووە بە ( دوز خورماتوو ) .**

**تا کۆتای سەدەی نۆزدە هەر بە ناوە ڕاستیەکەی نوسراوەتەوە کە وشەی ( خورماتوو ) ە .**

**ڕۆژ هەلآت ناسی ئینگلیزی ( جیّمس بگنغهام ) لە سالّەکانی** 1816 **ز بەم ناوچەیەدا تێپەڕیوە هەر بە ناوە ڕاستیەکەی ناوی نوسیوە ( خورماتوو ) .**

**هەر بەم جۆرە زانای بەناو بانگ (** المنشيء البغدادي **) لە سالّەکانی** 1820 **ز هەربەم ناوەوە نوسیویەتی ، بۆ زیاتر ڕون بوونەوەی ئەم مەبەستە خوێنەر دەتوانێ بڕوانێتە پەرتوکی ( جیّمس**

بگنغهام ) بە ناو نیشانی ( رحلتی الی العراق ) ساڵی 1816 ز ، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی لەلایەن سەلیم تەها تکریتیەوە ، هەروەها پەرتوکی ( رحله المنشئ البغدادی ) لە فارسیەوە پارێزەر ( عباس العزاوی ) لە ساڵی 1948 وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی .

ئەوەی زۆر ڕون و ئاشکرایە ، ئێمەی کورد ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بە بەدوا چونەوە و ڕونکردنەوەی مێژووە کەمان هەیە ، پێویستمان بە توێژینەوەی ناو و ناو نیشانە دێرینەکا نمان هەیە کە بە بەڵگەی مێژووی ڕونیان بکەینەوە .

تا بۆ خۆمان و دەور و بەر و بۆ جیهانیش ڕەسەنایەتی و کوردستانیەتی شار و شارۆچکەکا نمان بسەلمێنین ، تا بتوانین ئەو تەم و مژ و گەردانەی لەسەر مێژوەکەمان بەدەستی نا

حەزان نیشتوە بە زووی پاکیان بکەینەوە و بیان سڕینەوە .

ئێمەی کورد کە خاوەنی ئەم هەموو بەڵگە ڕاستیانەین ، ئیتر بۆچی وشەی نا ڕەسەن و بە هەڵە لکاو لە نەتەوەیەکی دیکەوە تێکەڵ بە زارمان بوبێت ئێمە بەکاری بهێنین لە بەکارهێنانی کاری ڕۆژانەماندا ، جێگەی نیگەرانیە تا ئێستا نوسراوی سەر دەرگای فەرمانگە و بارەگاکانیش ئەم وشەی ( دوز ) بە زەقی بەر چاو دەکەوێت .

عومەر حاجی عەلی

خورماتوو – گەڕەکی داد

2009 / 10 / 20


لۆگۆی
خۆری میتانی
١٤٠٠
پ.ز
ئەم لۆگۆیە خۆری میتانیەکان بۆ دەوڵەتە زلهێزەکەیان بەکاریان هێناوە
پایتەختەکەیان لەرۆژئاوای کوردستان لە شاری (سەری کانی) بوە
لەنوسراوەی ئاشوریەکاندا بەم جۆرە نوسراوە [Wassukanni]
{عومەر حاجی علی زەنگەنە - کەرکوك - شۆرجە}


یەکێتی
هۆزی زەنگنەی
خورماتوو


قەڵای خورماتوو

## ( جوکل هەمەوەند کێیە ؟ )

تائێستایشی پێوە لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی کوردەواریدا باس لە پیاوێکی زۆر ئازا وقارەمان بکەن پێی دەڵێن هەر دەڵێی ( جوکل ) هەمەوەندە .!

بۆ زیاتر پێناسە کردنی ئەم لاو چاکە یان ئەم سوار چاکەی گەلەکەمان کەمێك لە ژیانی خۆی و هۆزەکەی و بنەماڵەکەی و شوێن و جێگە و بەسەرهاتی ئەم لاوە قارەمانەی هۆزی هەمەوەند ڕون بکەینەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی گەلەکەمان چاکتر بیناسن .

( جوکل ) واتە جوامێری کوڕی فەتاح ئاغای هەمەوەند و لە بنەماڵەی ( چەلەبی ) یە . لە ساڵی 1299 ی کۆچیدا سەرۆکی بەشێکی گەورەی ئەم هۆزە بووە . لەم کاتەدا بەرەی کەرەم وەیس کە بەشێك بوون لە تیرەی شاتری لە هۆزی جاف لە دەور

و بەری ( برایم سەمین ) لە نزیك شارە دێی ( قەرە تەپە ) نیشتەجێ بوون .

لە هەنگاوێکدا دایان بەسە ر حەمە پاشای جافدا و کوشتیان ئەمەیش لە تۆڵەی کوشتنی سەرۆکەکەیان بە دەستی حەمە پاشا کە ناوی شا وەیس کەرەم وەیس بوو هەندێك دەگێڕنەوە گوایە حەمە پاشا بەندی کردووە و لە بەندیخانەکەیدا مردووە ، لە دوای خۆی عەزیز کوڕی بوو بە سەرۆك تیرەی هۆزەکەیان و لە تۆڵەی باوکیدا حەمە پاشای کوشت ، لە دوای کوشتنی حەمە پاشا هیچ تیرە و هۆزێك لەو ناوچەیەدا پەنای تیرەی کەرەم وەیسییەکانی نەدا جگە لە جوامێر ئاغای هەمەوەند ئەوەش بەهۆی کۆنە دوشمنایەتیەکی نێوان هەمەوەند و هۆزی جاف بوو هەر بەم بۆنەیەوە بوو مەحمود پاشای کوڕی حەمە پاشای جاف لەشکری هۆزەکەی ئامادەکرد و ( 500 ) ئێستر سواری سەربازی لە

حکومەتی عوسمانی وەرگرت مەحمود پاشا نامەیەکی بۆ جوامێر ئاغا نارد کە پەنای تیرەی کەرەم وەیس نەدات .

جوامێر ئاغا بە پێچەوانەی داواکەی محمود پاشا وەڵامی نامەکەی دایەوە و نووسی ( سەر و ماڵم لەسەر ئەم تیرەیە دا دەنێم ! ) محمد پاشا بە ئەم هێزە زۆرەوە هێرشی کردە سەر هەردوو لایان واتە کەرەم وەیس و هەمەوەند لەبەر ئەوەی هێزەکەی محمود پاشا زۆر بوون و میری عوسمانیش لە پشتیان بوو پاش جەنگێکی کەم بەرەو دەور و بەری شاری کەرکوك و حەویجە هەڵهاتن ، لەشکری محمود پاشا لە دوایان نەبووەوە ، بەرەو شارەدێی ( قورنە ) و لە وێشەوە ڕووەو ( خانەقین ) ڕۆیشتن و لە چەمی سیروان پەڕینەوە ، لەشکری محمود پاشا هەر بە دوایانەوە بوو ناچار ڕویان کردە خاکی ئێران و گەیشتنە چیای ( داڵە هۆ ) لەوێدا

سەنگەریان گرت و شەڕێکی زۆر سەخت لە نێوانیاندا ڕویدا زیانێکی زۆر لە هەردوو لایان کەوت و ژمارەیەکی زۆر پیاوی ئازا و بەجەرگ و قارەمان لە هەردوو لایان کوژرا و بریندار بوون وەك دەگێڕنەوە ( دەروێش ئاغای ) برای جوامێر لەو شەڕەدا کوژراوە شەڕەکە بە سەرکەوتنی محمود پاشا دەژمێردرا هەر چەندە محمود پاشا نەی دەتوانی لەوەندە زیاتر لەو جێگەیەدا خۆی ڕابگرێت .

لەبەر ئەوەی جەنگەکە لە خاکی ئێراندا ڕویدا و سوپای عوسمانی بە ( 500 ) سوارەوە لە گەڵیدا بوون کە دوشمنی دەوڵەتی ئێران بوون و بە ناچاری زوو کشانەوە بۆ عێراق ، جوامێر ئاغایش داوای پەنا و یارمەتی لە دەوڵەتی ئێران کرد و ئەوانیش لەبەر بەرژەوەندی خۆیان پەنای جوامێر ئاغا و هاوەڵەکانیاندا ، جوامێر لەسەر سنوری عێراق مایەوە دەستی کرد بە تالاّن و بڕۆ لە خاکی

عێراقدا لەبەر ئەوەی دوژمنایەتی زۆر لە نێوان عوسمانیەکان و ئێرانیەکاندا هەبوو ، شای ئێران جوامێر ئاغای کرد بە فەرمانڕەوای سنوری عێراق و ئێران لە ناوچەی ( قەسری شیرین ) .

جوامێر ئاغا جێگە و پێگەی خۆی بەهێز کرد چی لەلایەن میری ئێرانەوە و چی بە دروستکردنی قەڵا یەکی پتەو لە نزیك ( قەسری شیرین ) کە تائێستایش شوێنەوارەکەی ماوە ، لە دوای بەسەر چونی ماوەیەك خوشکی شا هاتبوو بۆ بەغدا بۆ سەردانی شوێنە پیرۆزەکان ، لە کاتی گەڕانەوەیدا شەوێك لە ( قەسری شیرین ) دەمێنێتەوە و بەڕێکەوت جوامێر ئاغا دەبینێت و خۆشی بە دیتنەکەیدا نایەت و جوامێر ئاغایش هیچ ڕێزی لێ ناگرێت ، لە دوای گەڕانەوەی بۆ ( تاران ) نارەزاییەکی زۆر لەلای شا دەر دەبڕێت لە دژی جوامێر ئاغا گوایە زۆر بەبێ ڕێزی سەیری کردووە و

بەدڕەوشتی لە بارەیەوە نواندوە ، لەسەر سکالاّ کردنی خوشکی شا لە شکری تورکمانی ئازەر باینجانی ناردە سەر جوامێر و گەمارۆی قەلاّکەیاندا و جەنگ بۆ ماوەی ( 10 ) ڕۆژ بەردەوام بوو جوامێر خۆی و چەکدارەکانی زۆر قارەمانانە دەجەنگان تا ئەو کاتەی کەرەستەی شەڕ کردنیان پێ نەما و زۆربەی زۆریان کوژران جوامێر لە دوای نەمانی تەقەمەنی و کەرەستەی شەڕ دەڵێن بە بەرد و بە دەست دەجەنگی تا هەموویان کوژران و سوپای ئێران قەلاّکەیان بە تەواوی داگیر کرد و جوامێر و هاوەڵەکانیان سەر بڕی و سەرەکانیان بە دیاری برد بۆ شای ئێران ، ئەمەش یەکێك لەو هۆنراوانەیە کە بوێژان بەسەر ئەو بەسەر هاتەیاندا هەڵداوە .

## قەڵاکەی جوامێر بوو بە زەمزەمە

## جوامێر بە خەنجەر تورکان بە قەمە

ناحەزی نێوان هۆزی هەمەوەند و تیرەی حەمە پاشای جاف تا ئەم دواییە هەر بەردەوام بوو تاوەکو کچی فەقێ قادری هەمەوەند درا بە حەسەن بەگی حەمە پاشا و کۆتای بەو ناکۆکی و دوشمنایەتیە لەلایەن مەحمود پاشای جافەوە هێنرا .

**تێبینی :**

ئەم زانیاریانە لە لایەن نوسەری بەڕێز کاك محمد سعید سلیم جافەوە وەرگیراوە لە ساڵی 1978 .

**عومەر حاجی عەلی زەنگەنە**

**کەرکوك – خورماتوو**

2013 / 11 / 11



**لە ڕاستەوە بۆ چەپ – خودا لێ خۆشبوو ( کریم ئاغای هەمەوەند ) و نوسەری بابەت**

## ( دێی ئۆمەرە گەدە )

ئۆمەرە گەدە ئاواییەکە لە دێهاتەکانی ناوچەی ( قەرە حەسەن ) سەر بە شاری کەرکوکی خۆشەویست دێیەکی پڕ لە بەرەکات و باخاتی جوان و ڕازاوە و جێگەی گەشت و گوزاری لە مێژینی ناوچەی گەرمیانی پڕ خێرە ، لە سەردەمی پاشاکانی عێراقدا بۆ گەشت و گوزار خۆی داوە لە شانی ( شەقلاوە و پیر مام و بێخاڵ ) پاشاکانی بەغداد بە تایبەتی ( پاشا فەیسەڵی دووەم ) چەند جارێك سەردانی ئەم شوێنە خۆشەی کردووە ئەو جێگەیەی بۆی دروستکراوە لە نێوان بەرتەنکی ( عەلی جامان )[1] وە تا ئێستاش شوێنەوارەکەی ماوە لەبەر ئەوەی لە چیاکە هەڵیان کۆڵیوە .

سەرەڕای گرنگی ئەم جێگە گرنگ و دێرینەی کوردستان تا ئێستایش پێوە نە لە لایەن ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقەوە و نە لە لایەن دەسەلاَتی کوردەوە خزمەتگوزاریەکی وەهای پێ نەگەیشتووە شایانی باس بێت !!

جێی گوتنە لە شۆڕشەکانی کوردستاندا ئەم دێیە هەمیشە جێگە و بنکە و حەشارگەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بووە بەهۆی شۆڕشی کوردەوە چەند جارێك بە دەستی چەپەڵی دوژمنانی کورد کوردستان کاول و وێرانە و خاپور کراوە .

لە ئەنفالە بەد ناوەکەدا پشکی شێریان بەر کەوتوە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەم گوندە لە سەردەمی دەسەلاَتی ڕژێمی سەفەویەکاندا لە کوردستانی ڕۆژ هەلاَت لە ناوچەی ( مەریوان ) [2] نیشتەجێ بوونە هاوبەشی بوونە لە دەسەلاَت و ئەمارەتە

کوردیەکانی ناوچە کەیاندا ، فارسە ڕەگەز پەرستەکان چاویان بڕیوەتە دەسەلاّتەکەیان تا لە دوای چەند جەنگ و هێرشێکی خوێناوی توانیویانە کۆتای بە دەسەلاّتەکەیان بهێنن و ئەمارەتەکەیان بڕوخێنن .

دانیشتوانی ناوچەکەیان ئاوارە و دەربەدەر کران بنەماڵەی ( ئۆمەر و خدر ) ی برای لەو بنەماڵە ئاوارانە بوون کە گەیشتنە ئەم جێگەیە و ئاوەدانیان کردەوە .

تا ئێستایش چەند بنەماڵەیەك هەیە بە ( ئێرانی ) دەناسرێن و بانگ دەکرێن .

ئەم چەند دێڕە هۆنراوەی خوارەوە باس لە بەشێك مێژووی ئەم بنەمالاّنە و ئازایەتی و قارەمانیان دەکات کاتێك داگیر کەرانی عوسمانی بە ئەم بنەمالاّنەی زانیوە کە لە ئێرانەوە هاتوونە و ئەم جێگەیان ئاوەدا کردووەتەوە لە ناکاو هێرش

دەکاتە سەریان و ئەمانیش وەك شێر و پڵنگەکانی کوردستان لێیان دێنە دەست و دەرسێکی چاکیان دەدەنێ ئەمەش هۆنراوەی ئەو داستانە پڕ لە قارەمانیەی ئەم بنەماڵانەیە کە بە شیعر هۆنیومەتەوە و لە ڕۆژی 10 / 4 / 2010 لە پەرتوکە مێژووییەکان دەرهێنراوە و خۆمیش لە دەمی خوا لێ خۆشبوو ( حاجی حەمە سور ) باوکی کاك ڕەشید ئێرانیم بیستووە کە ناو براو زۆر خۆشەویستم بوو ئەمە وێنەیەکی ناوبراوە لە بەرواری 20 / 4 / 1965 لە ئاوای ئۆمەرە گەدە لە نزیك هاوینە هەواری ( تەنگی عەلی جامان ) گرتومە .



( وێنەی حاجی حەمە سوری گوندی ئۆمەرە گەدە ) لە هاوینە هەواری بەر تەنگ لە تەمەنی 115 ساڵیدا .

( ئۆمەری گەدا )

ئۆمەری ( گەدا ) هەژارێك كورد بوو ***

ئەم گوند و باخەی دروستكردبوو

پیاوی كەس نەبوو كەس پیاوی نەبوو ***

ئەو مرد بۆ بەرزی دۆست ناحەز نەبوو

ئەو مرد بۆ ژیان ئەو ژیانی كرد ***

سەر بەخۆ ژیا ژێر دەستی نەكرد

لە پێناو خاكدا سەری نایەوە ***

هیچ كاتێك بەندەی زێڕ و زیو نەبوو

بێگانە و ئاغا و نۆكەرەكانی ***

توركی داگیر كەر هۆزی عوسمانی

کاتێك زانیان ( ئۆمەر ) ڕزگارە ***

سەر بە خۆ دەژێت لە کێڵگەی کانی

پلانیان دارِشت جەندرمەیان نارد ***

بۆ گیانی ( ئۆمەر ) تا بیکەن بەرباد

ئۆمەری هەژار بەم کارەی زانی ***

بە پەلە هەواڵی بۆ براکەی نارد

( خدرە تویٚرە ) برای ( ئۆمەر ) بوو ***

مەردێکی ئازا وەك شێری نەڕ بوو

هەردوو چوونە سەر چیای بەرانبەر ***

زوو سەنگەریان گرت وێنەی شێری نەڕ

بینیان دوژمن هێرشی هێناوە ***

دێی گەمارۆیە لە هەر چوار لاوە

( خدر ) ە گوتی کاکە کوانێ غیرەتمان ***

ئەوا ماڵ و سامان ڕۆیشت بە تالآن

( ئۆمەر ) گوتی خۆت بگرە هێز و هەناومان ***

زۆر نابات نزا دەگاتە ئاسمان

شەرتە دەرسێکی وایان بدەمێ ***

بۆ با پیرانیان بیانکەم تەمێ

تۆ لە سەر چیا قەت نەیەیتە خوارێ ***

ئەوا من دەڕۆم لێیان دەگرم ڕێ

کاتێك گوێت لە دەنگی نەعرەتەی من بوو ***

تۆیش لێیان بکوژە یەك یەك و دوو دوو

برا گیان سەد دەخیل دەخیل سەد ئامان ***

ئەم جێگە گرنگە نەچێت لە دەستمان

( ئۆمەر ) دابەزی بۆ گەل ( گوڵە شایی گەڕان )[4] ***
ڕێگەکەی بڕی وەك شێری شێران

دوژمن هاتنە خوار لەگەڵ تالانیان ***

نەعرەتەی ( ئۆمەر ) دوژمنی هەژان

دەستی کردەوە ( ئۆمەر ) ی هەژار ***

دوژمن یەك و دوو کوژران کەوتنە خوار

( خدر )ە گوێی لێ بوو نەعرەتەی ( ئۆمەر ) ***

کە دەشت و چیای هەژاندە یەکسەر

دوژمنانی کورد بە چاکی شکان ***

بە دەیان لاشە لەو دەشتە جێمان

( خدر )ە کە بینی هەڵهات دوژمنان ***

وەسیەتی کاکی هیچ لە بیر نەمان

لە چیا دابەزی بۆ سەر دوژمنان ***

بۆ هێنانەوەی دەستكەوت و تالان

توركێكی چەپەڵ پیسی بێ ئیمان ***

لە گیانە لاودا هەردەم دەینالان

بە زمانی توركی هاوار دەكات ( سوو ) ***

( خدر )ە كە بیستی بە پەلە بۆی چوو

( جەوەنە )ی[5] پڕ كرد لە ئاو ( خانی ناوو )[6] ***

بردی بۆ توركەی چەپەڵی ناپیاو

توركە كە بینی ( خدر )ە ڕووی لێكرد ***

بە یەك گولەیەك جگەری كون كرد

( خدر )ە پێی گوت ئەی توركی نامەرد ***

من بۆ خودا كردم تۆیش نامەردیت كرد

( خدر )ە هێرشی برد بە برینداری ***

سەری بڕی بە خەنجەر وێنەی پاساری

( خدر ) ە شەهید بوو گەیشتە لای خودا ***

تورکی نا مەردیش بۆ دۆزەخ برا

هەواڵی ( خدر )ە بە ( ئۆمەر ) درا ***

( ئۆمەر ) هاتە سەر جەنازەی برا

سەیری کرد ( خدر )ە شەهید کراوە ***

خوێنی تورکانیش گەلێك ڕژاوە

هەق ( خدر )ە بە دەستی خۆی سەندراوە ***

نوێژی شوکری کرد سلاّوی داوە

لاشەی شەهیدی خستە سەر شانی ***

بردی بۆ ئەو سەنگەرە لێی بوو بەیانی

سپاردی بە خاك لاشەی پیرۆزی ***

هەتا بۆ گشت کەس دیاری بێت دیاری

ناو چیاکەی نا چیای ( خدرە تویرە ) ***

ئێستا دەناسرێت بە ( خلە تێرە )

گردی سەر بلند ( گولە شای گیران ) ***

رۆژی سەرکەوتن جێی شادی گێران

سەنگەر ( ئۆمەر ) بوو دوژمن شکێنە ***

سەنگەری سەختی دەشتی گەرمێنە

رۆلەی چاو نەترسی نێو سەنگەری کورد ***

ئازا و چاو نەترسی دوژمن بەزێنە

دوژمن بەزەی بە کوردا نایە ***

کورد هەروا بوە و ئێستایش هەر وایە

ئێمە گەلێکی خاوەن باوەڕین ***

پشت و پەنامان تەنیا خودایە

نازناوی شیعریم ( خاڵۆ ڕێبوارە ) ***

ناوی ڕاستی من عومەر جۆلاّیە

خەڵکی ئەم گوندە زۆریان زانایە ***

بۆچی ئەم داستانەیان بە بیردا نایە

دە با بینوسن بیکەن بە مێژوو ***

لە بیرتان نەچێت بیخوێنن زوو زوو

بیکەن بە سەر مەشق چالاکی ( ئۆمەر ) ***

بۆ نەوەکانیان بیخوێنن یەکسەر

ئەوەی من زانیم خستمە سەر دەفتەر ***

بێ وەفا نە بووم بۆ نەوەی ( ئۆمەر )

عومەر حاجی عەلی زەنگەنە

خورماتوو - گەڕەکی ڕزگاری

2020 / 4 / 20

1- قەرەسەن : ناوچە قەرە حەسەن سەر بە شارەدێی ( لەیلان )ە .

2- تەنگی ( دەربەن ) ی عەلی جامان هاوینە هەواری ئۆمەرە گەدەیە .

3- مەریوان : پایتەختی میر نشینی بەبە و ئەردەڵانە لە ڕۆژهەڵات .

4- کەلی گوڵە شای کەران : گردۆڵکەیەکە لە خواروی ئاوای ئۆمەرە گەدە .

5- جەوەنە ( کونە )ی ئاوی دێرینە لە پێستەی ( کارژۆڵە ) دروست دەکرێت جەنگاوەران و شوانەکان بۆ ئاوی خواردنەوە بەکاریان دەهێنا .

6- ( خانی ناو ) یان ( کانی ناو ) کانیەکە لە نێو باخەکاندا بۆ خواردنەوەی

**دانیشتوانی ئۆمەرە گەدە بەکاریان دەهێنا لەبەرساردی و سازگاری .**